# عاقیبەت خێری

**بریتییە لە کۆمەڵێ چیرۆکی واقیعی و پەروەردەیی**

**دکتۆر**

**حەسەنی پێنجوێنی**

**٢٠١٧**

## بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان

**ناوی کتێب:  عاقیبەت خێری.**

**تیراژ:          ٣٠٠٠**

**ژمارەی چاپ:  ٢**

**ساڵی چاپ  :  ٢٠١٧**

**ئامادەکردنی:**

## پێشەکی :

گەشتی پێبەندبوون بە بەرنامەکەی خواوە، و هیدایەتی بەشێکی زۆر لە رۆڵەکانی ئیسلام هەندێ کات لە رێی بزەیەکی راستەقینەوە دەست پێ دەکات کە لاوێکی سەر لێشێواو لە بانگخوازێکی دڵسۆزەوە دەیبینێ، و دەستی دەگرێت بەرەو خێر و رزگاری دەبات، هەندێ کات لە رێی نەوارێکی ئامۆژگارییەوە دەبێت، کە بەرێکەوت کەسێکی چەواشەبوو گوێی لێ دەبێت و رێی راستی پێ دەدۆزێتەوە.. هەندێ جار لەرێی هەڵوێستێکی مەردانەی بانگخوازێکەوە دەبێت، وسلووکی بەرانبەرەکەی سەد لەسەد دەگۆڕێ وخۆی دەدۆزێتەوە، هەندێ جاریش هیدایەتی خوایی روودەکاتە کەسێك، و بەبێ هیچ هۆیەك لەوانەی باسکرا خوا بەنووری خۆی دڵ و دەروونی رووناك دەکاتەوە، و دەیکاتە چرایەکی نوورانی بۆ رێ پیشاندانی خەڵکی تریش..

ئەمە بەنیسبەت کەسانێکەوە کە لەجیهانی ئیسلامیدا لەدایك و باوکێکی موسوڵمان لەدایك بوون، ئەی دەبێ حاڵی ئەوانە چۆن بێ کە لە باوك و دایکێکی ناموسولمان یا بێ بڕواو لەوڵاتانی نائیسلامیدا لە دایك بووبن، بێگومان لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەوانەی بەنووری خوا دڵیان رووناك بووەتەوە کۆمەڵێ سوود دەبینین وەك:

1- هۆی هیدایەتی ئەو کەسانە چی بوو کەرێی راستیان دیوەتەوە؟ و لەچییەوە خاڵی وەرچەرخاندن و گۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانیان لە کوفرەوە بۆ ئیمان، و لەشەریك پەیاکردنەوە بۆ

یەکخوا ناسین،و لە خراپەکاری وفیسق وفجورەوە بۆ تەوبەو بۆخوا سوڵحاوی دەستی پێکردووە، تا هەوڵی بۆبدرێت. خوای بالا دەستیش دەفەرموێ: چیرۆکیان بۆ بگێرەوە بەلکو بیبر بکەنەوە" فَاقْصُصِ الْقَصَصَ لَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ " الأعراف/176.

2- بێگومان گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتانە پەندو عیبرەتی تیایە بۆ ئیمانداران.

3- هۆیەکە لەهۆیەکانی ئیمان زیاد بوون.

4- هۆیەکە بۆ متمانە بەخۆبوون و دروستی ئاینەکە.

5- هۆیەکە بۆ دامەزران و سابتبوونی زۆر کەس.

6- دڵخۆشیدانەوەیە بۆ هەندێکی تر لەوانەی لەبەر خاتری ئەم دینە دەبوغزێنرێن، و هەوڵی سرینەوەو پاکتاوییان دەدرێت، و لەناو خانەولانەو خزم و نیشتمانیاندا ئاوارەو دەربەدەر دەکرێن..

بەڵێ، گێرانەوەی ئەم بەسەرهاتانە دەبێتە دڵدانەوەی هەموو ئەوانەو پێیان دەڵێت: کە ئێوە دەستان بەرێسمانێکی مەزنەوە گرتووە، و بەهەشت و جەهەننەمیش هەر لەبەر ئەوە دروستکراوە، و لەرۆژی قیامەتیشا ترازووی دادی خوایی بۆ دانراوە..

جا فەرموون ئەوە ئێوە و بەسەر هاتی پۆلێك لەوانەی خودا رووی رەحمەتی خۆی تێکردوون، وبە نووری خۆی دڵ و دەروونی رووناک کردونەتەوە، ئەوانیش سەری سوپاس گوزاری و بەندایەتییان بۆ خوای خویان نەوی کردووە، و لەبەرامبەر گەورەیی ئەم ئاینەدا چۆکیان داداوە، تا بەباشی فێری ببن و بیگەیەنن بە هەزارانی وەك زووی خۆیان، هیوا دارم باس و بەسەرهاتەکانیان هۆکارێک بێت بۆ پتەوکردنی باوەری خوێنەران، و زیادکرنی متمانە بەراستی و دروستی ئاینەکەیان، و دڵنیابوونیان کە خودا خاوەنی ئەم دینەیە، وهەرخۆیشی پارێزگاری لێ دەکات..

رای جەماوەری زانایان وایە دانیشتن لە کۆڕی پیاو چاکان و ساڵحاندا،و باسکردنی تەقوا و رەوشتی جوانیان دەبێتە هۆی زیاد بوونی ئیمان، لە پەروەردگاری میهرەبان داواکارم خوێندنەوەی ئەم باسەی بەردەستیشمان، بکاتە هۆی هۆشیار بوونەوەی زیاترمان، و زاخاوی دڵ و دەرونمان .. بێگومان ئەویش باشترین کۆمەک و چاکترین پشتیوانە...

د. حەسەن پێنجوێنی – سلێمانی

١٥ رەمەزانی ١٤٣٧.

٢٠ حوزەیرانی ٢٠١٦.

# (١)

# بۆشەڕ دەچێت و
# بە کۆڵێ خێر دێتەوە

کاتێ ئیمان لە دڵەکاندا جێگیر بوو زۆر ئەستەمە شەیتان زەفەری پێ ببات..ئەگەر زەفەریشی پێ برد لەگەڵ هۆشی هاتەوە بەخۆیا چاوی دەوڵی ودەگەڕێتەوە بۆلای باوەڕەکەی، سروشتی مرۆڤ وادروستکراوە بە دوولایەنە، واتە تەنیا خێری رووت نییە، و تەنیا شەڕ و خراپەی رووتیش نییە، ئاینیش هاتووە بۆ ئەوەی لەنێوان ئەم دوو هێزەدا، و لە بارەی ئەم دوو سروشتەوە رێکخستن دروست بکات، و مرۆڤەکان بۆ خێرو چاکە هان بدات و خراپەو شەڕەکانیشیان لا قیزەون بکات، لەبەر ئەوە دەبینین گەورەترین کەس قابیلی ئەوەیە خراپەی لێ روو بدات، چونکە فریشتە نییە، و ئەو سروشتەی مرۆڤی هەیە، و هەر مرۆڤێکیش قابیلی ئەوەیە بازۆر خراپەکاریش بووبێت بگەڕێتەوە سەر رێی راست.. ئەوەتە قورئانیش بانگی سروشتەکانی مرۆڤ دەکات ئەی ئەوانەی لەکاتی خەفلەتی ئیمانیدا تاوان و گوناە و خراپەتان کردووە بگەڕێنەوە بۆ لای خوا چونکە خوا بەخشندەو لێ بوردەیە.. بەڵکو فەرمان بە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەدات بەو بەندە سەرە رۆیانە بڵێت کە لە سنووری خۆیان تێپەڕیون بگەرێنەوە بۆلای خوا و لەرەحمەتی خوا مەئیوس نەبن چونکە خوا لە گوناهەکان خۆش دەبێت.. " قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ " الزمر/53. دەبینین کاتێ ئەو ئیمانە خەبەری بووە یەکسەر بۆ لای خوا دەگەڕێتەوە..

## لاوێکی سعودی بۆچی دەچێ و چی تووش دەبێت؟:

یەکێ لە خەتیبەکان لەوتارێکیدا باسی لاوێکی سعودی دەکات، کە بۆ گەشتوگوزار بلیتی تەیارە دەبڕێ و بەرەو بانکۆکی پایتەختی تایلەند دەکەوێتەرێ، لەم سەفەرەشیا بەتەمای ئەوەیە، ئەسپی ئارەزووی سیکسی خۆی تا دەتوانێ تاو بدات، و کەس چاوی لێ نییە تا شەرمی لێ بکات، و دوور لە خزم و خوێش و ناسراو.. ئەو وڵاتەش بە بازرگانیکردنی جینس بەناوبانگە، ئەم لاوەیش بڕێکی باش پارەو پووڵ کۆدەکاتەوەو بەکەس وکارەکەی ناڵێت: دەیەوێ بۆ تایلەند بڕوات و بەڵکو پێیان دەڵێت: دەیەوێ بۆ یەکێ لەناوچەکانی خودی سعودییە سەفەر بکات، بەڵام بۆ تایلەند و بەتایبەتیش بۆ بانکۆك دەچێت.. کەدەگاتە بانکۆك لەوێ ژوورێك بەکرێ دەگرێت،و ئافرەتێکی خۆ فرۆشیش دێنێتەوە بۆژوورەکەی بۆ ئەوەی لەتەکیا رابوێرێت، پێش ئەوەی لەش فرۆشەکە بێنێتەوە بەتەواوی دڵنیا دەبێت کەس لەوناوەدا نییە بیناسێت، لەکاتێکا دەچێتە سەر جێگەو دوو بەدوو لەسەر قەرەوێڵکە دەبن و ئیتر وانزیکە کار لەکار بترازێ و کاری جووتبوون دەست پێ بکات، ئافرەتی لەشفرۆش پەیکەرێك لەناو ژوورەکەدا بەسەر تەلەفزیۆنەکەوە دەبینێت، خێرا خۆی دەکێشێتە دواوە، و هەندێ لەو جل وبەرگانەی لەوناوەدا بڵاو بوونەتەوە دەیدات بەسەر پەیکەرەکەدا و ئینجا دەگەڕێتەوە بۆلای لاوە سعودیەکە، و پێی

دەڵێت: ئەوە خوای منە نامەوێ من ببینێت کە کارێکی نارەوا دەکەم!!

لاوەکەش کە ئەم قسەیە دەبیستێ لەشەرمەزاری خۆیا دەست بەگریان دەکات، و ئەو پەردەی کە هاتبوو بەسەر دڵیا لادەچێت، و دەڵێت: بتێك کەتوانای بینیین و بیستنی نییە،و ناتوانێ هیچ شتێکت لێ بکات، تۆ پێت ناخۆشەو شەرم دەتگرێ لە پێشچاویەوە زینا بکەیت!! بەڵام من لەخوای هەموو عالەم نەترسم و تەریق نەبمەوە کە دەمبینێ و ئاگای لە نهێنی و ئاشکرام هەیە!! واز لەگوناهەکەی دێنێ و لەئافرەتەکە جیا دەبێتەوە و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی و تۆبەیەکی نەسووح دەکات، و بەرێکو پێکی روو دەکاتە خوا..

چەندەها لەئێمە چاو دەگێڕێ بۆ ئەوەی بزانێ کێ دەیبینێ و کێ نایبینێ، شت لەخەڵکی دەشارێتەوە،و وا دەزانێ کەس ئاگای لێ نییە، ئیتر لەبیری دەچێتەوە کە لە ژێر چاودێری خوای باڵادەستایە، و کامێرای خوایی بەسەر سەریەوەیە، و فریشتەکانی هاوەڵی کارەکانی بە وێنەوە تۆمار دەکەن.. " نَسْتَنْسِخُ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ.. " کۆپی کردەوەکانتان دەکەین و نوسخەیتان بۆ هەڵدەگرین بۆ رۆژی قیامەت.. و لەورۆژەدا ڤیدیۆکەی بۆ لێ دەدرێت و خۆی بەچاوی خۆی دەیبینێ و پێی دەگوترێ نامەکەت بخوێنەرەوە خودی خۆت بەسە بۆئەوەی حساب لەگەڵ خۆتا بکەیت..

خودا دەفەرموێ: "اقْرَأْ كِتَابَكَ كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ حَسِيبًا "الإسراء/ 14. واتە: خۆت نامەکەی خۆت بخوێنەرەوە،

هەرخۆیشت بەسیت بۆ لێپرسینەوەی خۆت. واتە: کە بریاربدەیت شایستەی چ جۆرە پاداشتێکیت.

خودا دەفەرموێ: " إِنَّا نَحْنُ نُحْيِي الْمَوْتَى وَنَكْتُبُ مَا قَدَّمُوا وَآَثَارَهُمْ وَكُلَّ شَيْءٍ أحْصَيْنَاهُ فِي إِمَامٍ مُبِينٍ " یس/ 12. واتە: بێگومان ئێمە خۆمان مردووەکان زیندوو دەکەینەوەو هەموو کردەوەو شوێنەوارێکیان تۆماردەکەین، وهەموو شتێکمان لە تۆمارگەی ئاشکرا – لەوحول مەحفوز- دا تۆمار و ئامار کردووە..

هەروەها دەفەرموێ: "هَذَا كِتَابُنَا يَنْطِقُ عَلَيْكُمْ بِالْحَقِّ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنْسِخُ مَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ " الجاثية/29. واتە: ئەمە ئەو نامەیەمانە کە خۆی گۆیایەو بە حەق قسەدەکات، بێگومان لەژیانی دنیاتاندا چیتان دەکرد کۆپیمان لێ دەگرتەوە.. ئەمە ئەو تۆمارەیە..

http://www.penjweny.org/article/601

(٢)

# تووڵی هۆشیارکردنەوە

بەشی زۆری ئەو چیرۆکە پەروەردەییانەی بۆم دێت لەرێی ئێمێلەوەیەو بەزۆری ناوی نووسەریان لەسەر نییە، هیوادارم خوا بۆیان بکاتە توێشووی هەمیشەیی قیامەتیان، ئەو ئێمێلەی ئەمڕۆش رووداوێکی سەیر و لەهەمان کاتا بەچێژی ساڵەکانی هەشتای وەبییر هێنامەوە..

لەسەرەتای ساڵەکانی هەشتادا پاش ئەوەی بەهۆی پێکدادانی ترومبیلەوە لەرێی بەغدادا لاقم شکاو رانم وردبوو، و برینەکەی هەویکردوعەمەلیاتەکەی سەرنەکەوت و کەوتنم لەسەر جێگەدا درێژ بوویەوە لەگەڵ ئەوەدا کە خوای باڵادەست خۆ گری و ئارامییەکی پێ بەخشیبووم - کە جێی سوپاس گوزارییەو ناتوانم سوپاسی خوای لەسەر تەواو بکەم - ناوبەناو لاوازی رووی تێدەکردم، لەوکاتانەدا خوای میهرەبان برایەکی پاك و چاکی بۆدەناردم و هەندێ بەسەرهاتی پیاوچاکانی بۆدەگێڕامەوەو هەستم دەکرد تێمپرێچەرە ئیمانییەکەم بەرز دەبووەوەو لاوازییەکەم نەدەما، لەدواین جارا برای باشمان مامۆستا فاررووق تازە پەیامی بیمارانی نوورسی وەرگێڕابوو بۆی هێنام بیخوێنمەوە، لەراستیدا ئارام بەخشێکی تەواو بوو بۆ دەروونم و دەرمانێکی کاریگەربوو بۆ ئەو لاوازییەو پاش خوێندنەوەی ئەو پەیامە ئیتر لاوازی رووی تێ نەکردمەوە.. سوپاس بۆ خوا..

لەو پەیامەدا مامۆستا نوورسی دەفەرموێ دەتوانین نەخۆشی ناوبنێین زللـەی بێدارکردنەوە، کاتێ مرۆڤ لەناو خۆشی و رابواردنەکانی دنیادا رۆدەچێت ولە فەرمانەکانی خوادا

کەمتەر خەم دەبێت، یا بەتەواوی غافڵ دەبێت، ئەگەر کەسێ خوا خۆشی ویست  بیمارییەکی وای بۆ دەنێرێ تا رای بچڵەکێنێ و لەو غەفڵەتەی بێداری بکاتەوە..

ئەو ئیمێلە عەرەبییەش کە لەم ماوەیەدا بۆیان ناردبووم بەشێوەیەکی تر هەمان واتای دەگەیاند کە مامۆستا نوورسی لەپەیامی بیماراندا باسی کردبوو.. فەرموون ئێوەش خۆتان رووداوەکە بخوێننەوەو دیمەنەکە ببینن..

حەسەنی پێنجوێنی

لەکاتێکا بازرگانێکی دەوڵەمەند بە ترومبێلە جاکوارە نوێ کەیەوە بەیەکێ لە شەقامەکانا دەڕۆیشت، بەردێکی پڕمشت دای لەلای راستی ترومبێلەکەی.. ئەویش گورج لەترومبێلەکەی دابەزی تابزانێ چەند زیانی لێ کەوتووە، و کێ ئەو تاوانەی کردووە؟!

دیتی کوڕێکی میرمنداڵ لەسووچێکی شەقامەکەوە وەستاوە، و نیشانەی ترس و شپرزەیشی پێوە دیارە، بازرگان کە ئاگری غەزەب لەچاوی دەباری و داخ و خەفەتی عەیبداربوونی ترومبێلە تازەکەی بەسەر هەموو قەوارەیا زاڵ ببو لەکوڕەکە نزیك بووەو پێی وابوو ئەوبەردەکەی پیاماڵیوە، بۆیە پشت ملی گرت و بەرەودیوارەکە بردی و گوتی: ئەی منداڵی نەفام! بۆچ ئەوبەردەت بەترومبێلە نوێ کەمدا کێشا؟ دەزانی ئەم کارەی تۆ بارێکی قورس و گرانی بۆ خۆت و باوکت دروست کرد و ناتوانن لەژێریا دەر بچن؟!

کوڕەش وەك سێلاتی بەهار فرمێسك لەچاوەکانیاوە دەهاتە خوار و دەیگوت: گەورەم! من داوای لێ بوردن دەکەم.. بەڵام من تیا دامابووم، نەمدەزانی چیبکەم؟! ئەمڕۆ ماوەیەکی زۆر هەوڵم دا تا سەرنجی کەسێك بەلای خۆمدا رابکێشم، هەرچی هاوارم دەکرد، هەرچی دەستم لێ را دەگرتن بێ سوود بوو، کەس نەوەستاو یارمەتی نەدام!! ئینجا دەستی کێشا بۆ لایەکی تری شەقامەکەو گوتی: براکەم کەوتۆتە ناو ئەوچاڵەوە، براکەم شەلەلی تەواوی هەیەو ناتوانێ بەهیچ جۆرێك ببزوێت، و منیش کە لەتەکیابووم و عەرەبانەکەم لێدەخوڕی عەرەبانەکە کێشی

تێکچوو، لاربووەوەو کەوتە ناو ئەو چاڵەوە، خۆیشت دەزانی من بچکۆلەم و توانای دەرهێنانیم نییەو ناتوانم بیهێنمەدەرەوە، هەرچی دەستیش لەخەڵکی رادەگرم هاواردەکەم کەس ناوەستێ و ئاوڕم لێ ناداتەوە.. ئێستاش دەستم بەدامێنت.. توخوا یارمەتیم بدە با براکەم ئەوەندە لەناو ئەو چاڵەدا نەکەوێت، یارمەتیم بدەو براکەم بۆ بێنەرە دەرەوە، پاشان چیت بەباش زانی لەدژی من ئەنجامی بدە!!

پیاوەی بازرگان کە ئەودیمەنەی بینی و ئەوسکالاٌیەی بیست خۆی بۆ نەگیراو چاوی ئاوی تێزا و گەرووی گیراو زۆری کرد لەخۆی فرمیسك لەچاوی نەکەوێتە خوار، و رۆیشتە ناو چاڵەکەوەو منداڵە ئیفلیجەکەی دەرهێنا، و لەسەر کورسییەکەی داینا، و هەندێ لەفافی لەناو ترومبیلەکەی دەرهێناو ئەو برینانەی بۆ پێچا کەبەهۆی کەوتنە ناوچاڵەکەوە دروست ببون..

پاش ئەوە کە لێ بووەوە منداڵەکە سوپاسێکی زۆری مام بازرگانی کرد و گوتی: مامەگیان! ئێستا بۆ ترومبێلەکەت چی دەکەیت؟ پێمان دەبژێریت؟! ئەویش گوتی: نەء کوڕی خۆم هیچ ناکەم.. خەفەت بۆ ترومبێلەکەی من مەخۆ.. !! ئیوە بڕۆن خواتان لەگەڵ بێت..

بازرگان پاش ئەوەی ئەوانی بەجێ هێشت بڕیاریدا ترومبێلە نوێکەی چاك نەکاتەوە، ئەو لێدانەی بۆ یاداوەری پێوە بمێنێ.. تا کەسێکی تر ناچار نەبێت بەردێکی تێ بگرێت بۆ ئەوەی سەرنجی رابکێشێت.. پیاوەی بازرگان ئەو بەردە رایچڵەکان و ئەو دیمەنە لەدەروونیا کاریگەری خۆی دانا.. بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئێمە لەم ژیانەماندا کارکردن و هەوڵدان وا

مەشغوولّی کردووین، ئاگامان لەدەورو بەرمان نەماوە، هەموو هەوڵ دەدەین تا شتی زۆر تر و ژیانی خۆشتر و کاری باشترمان ببێت، تا زیاترمان هەبێت، داخوازییەکانیش لەتەکیانا زۆرتر دەبن.. لەگەڵ ئەوەدا زیاتر لە پەروەردگار و بەدیهێنەرمان غافڵ دەبین.. خوایش مۆڵەتمان دەدات و نیعمەتی خۆی بەسەرمانا دەڕژێنێ ماڵ وسامان ومنداڵ و لەشساغیمان پێ دەبەخشێ، تا سوپاسگوزاری بکەین، بەڵام ئێمە لە دەریای بێ ئاگاییماندا زیاتر رۆدەچین، مەگەر بەردێکی وامان تێ بگیرێ بەخۆمان بزانین و چاو هەڵبێنین و هۆشیارببینەوە!!

**تووڵی هۆشیارکردنەوە:**

ئازیزان سلاّو فەرموون لەگەل چیرۆکی ئەم هەفتەیەدا:
پیاوەی بازرگان ئەو بەردە رایچڵەکان و دیمەنەکە لەدەروونیا کاریگەری خۆی دانا.. بۆیە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئێمە لەم ژیانەماندا کارکردن و هەوڵدان وا مەشغوولّی کردووین، ئاگامان لەدەورو بەرمان نەماوە، هەموو هەوڵ دەدەین تا شتی زۆر تر و ژیانی خۆشتر و کاری باشترمان دەست کەوێت، تا زیاترمان هەبێت، داخوازییەکانیش لەتەکیانا زۆرتر دەبن.. لەهەمان کاتدا زۆرتر لە پەروەردگار و بەدیهێنەرمان غافڵ دەبین.. خوایش مۆڵەتمان دەدات ونیعمەتی خۆی بەسەرمانا دەڕژێنێ و ماڵ ومنداڵ و لەشساغیمان پێ دەبەخشێ، تا سوپاسگوزاری بکەین، بەڵام ئێمە لە دەریای بێ ئاگاییماندا زیاتر رۆدەچین، مەگەر بەردێکی وامان تێ بگیرێ بەخۆمان بزانین و چاو هەڵبێنین و هۆشیارببینەوە!!

http://www.penjweny.org/article/773

(٣)

# خۆشەویستی خوا بۆ بەندەکانی

خوشك و برايانی بەڕێز هەرچەند سەرەڕۆییت لە گوناه، و تاوانی زۆرت کردبێت، لەرەحمەتی خوا هیوابڕاو مەبەو تا زووە تەوبە بکەو لێیان پەشیمان ببەوە، و بۆلای خوای میهرەبانی خۆت بگەڕێرەوە، چونکە تۆ نازانی کەی دەمریت و مردن بەدەست خۆت نییە، ئەم هەلە زێڕینەی بۆت هەڵکەوتووەو خوا مۆڵەتی داویت تا بگەیتە مانگی رەمەزان لەکیس خۆتی مەدە، بەڕاستی تەوبەی تیابکە و بەتایبەت لەم دەشەوانەی دواییندا کە شەوی لەیلەتول قەدری تێدایەو، و بەپێی دەقی قورئان کردەوەی چاکە لەو شەوەدا چاکترە لەکردەوەی هەزار مانگ کە بە حسابێکی تر دەکاتە هەشتاو سێ ساڵ و چوار مانگ..

ئەو خوایەی کە ئەوەندە تۆی خۆش دەوێ بگەڕێرەوە بۆلای، دەزانی پێغەمبەری ئازیزمان سەلات و سەلامی خوای لێ بێ چی دەفەرموێ؟ دەفەرموێ: "فوالذي بعثني بالحق لَلّهُ أرْحمُ بعِبادهِ منْ أم الأفراخ بفراخها " رواه أبوداود بسند صالح ، واته: سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە دایکی ئەو بێچووانە چەند بەرەحمە بۆ بێچوەکانی خوالەو دایکە بەرەحم ترە بۆ بەندەکانی خوێ.. هەرلەم بابەتە فەرموودەیەکی سەحیحیش هەیە لەبارەی دایك و منداڵەکەیەوە لە بوخاری موسلیمدا ریوایەت کراوە..

پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەدەم خوای میهرەبانەوە باسی دەکات و لەفەرموودەیەکی قودسیدا و دەفەرموێ:" يا ابنَ آدم لو أتيتني بقِرابِ الأرْضِ خَطايا، ثم لقيتني لا تُشْرك بيَ شيئاً لأتيتكَ بقِرابها مَغفِرة." رواه الترمذي عن أنس رضي الله عنه، وحسنه الترمذي. واتە: ئەی نەوەی ئادەم ! ئەگەر پڕبە پڕی زەوی

بەگوناهەوە بێیت بۆ لام و هیچ شتێکت نەکردبێ بەهاوەڵم پڕ بەپڕی زەوی بە لێخۆشبوونەوە دێم بۆلات..

بانموونەیەکت بۆ بێنمەوە لەو خۆشەویستییەی خوا بۆ بەندەکانی..

ئێمێلێکم بۆهاتبوو کاتێ کردمەوە، دیتم یوتیوبێکی دکتۆر سولتانی تیابوو، کە باسی ڕووداوێکی زۆر کاریگەری دەکرد، بەکورتی دەڵێ: من لە زانکۆ دەرسم دەگوتەوەو زۆر تینووم بوو بەڵام شەرمم دەکرد بەیەکێك لە قوتابییەکان بڵێم: کەمێ ئاوم بۆ بێنە.. ناکاو کوڕێکی گەنج خۆی کرد بەژووراو قاپێ ئاوی سەرمۆری بەدەستەوە بوو، لەبەردەمی منا داینا، منیش وەك ئەدەبێکی ئیسلامی کەسێك چاکەی لەتەکا کردی بەلای کەمەوە دوعای خێری بۆ بکە دوعام بۆ کرد و گوتم : لەخوا داواکارم لە ئاوی کەوسەری بەهەشت ئاوت پێبدات.. کوڕە ڕۆیشتە ناو پۆلەکەوەو دانیشت، تا دەرسەمان تەواو کرد، پاشان هات بۆلام، وگوتی: ئەمەوێ نیو سەعات لەکاتی خۆتم بدەیتێ.. و پێکەوە دا بنیشین، و هەندێ شت هەیە بۆت باس بکەم، منیش گوتم: چاوەکەم مەوعیدم هەیە و ناتوانم.. گوتی: 20 دەقیقە.. گوتم: ناتوانم.. گوتی: چارەکێك، گوتم: باتەلەفون بکەم بۆ شوێنی مەوعیدەکەو ئاگاداریان بکەمەوە کە چارەکێك دوا دەکەوم، دەدەقیقەی بۆ تۆ و پێنجیشی بۆ ڕێگە.. گوتی:باشە..

تەلەفونم بۆ کردن.. گوتیان باشە..

ئینجا منیش بە کوڕە لاوەکەم گوت: فەرموو..

گوتی: من زۆر جار بانگ کراوم بۆ ئەم دەرسە.. بەڵام نەهاتووم.. ئێستا لەخۆمەوە هاتووم و کەس پێی نەگوتووم.. لەدەرسەکەشدا بینییم کە باسی خۆشەویستی خوا دەکەیت بۆ بەندەکانی.. منیش دەمەوێت ئەو خوایە کەئەوەندە ئێمەی خۆش دەوێت، بگەڕێمەوە بۆ لای و سەرپێچی نەکەم..

بەڵام دکتۆر! من کە هاتووم بۆ ئەمریکا بڕیارم داوە هەرچی گوناهەو خوا پێی ناخۆشەو لەوڵاتی خۆماندا لێی مەحروم بووم دەبێ بیکەم.. بیلفیعل هەرچی تاوان و گوناهە کردوومە و قسوورم نەکردووە..

دکتۆر دەڵێ منیش پێم گوت: برام ئێمە وەك قەشەکان نین داوات لێ بکەین هەرچی تاوانتە باسی بکەیت، ئێمە دەڵێین بەڕاستی لەنێوان خۆت و خوادا پەشیمان ببەرەوە لەو تاوان و گوناهانەی کردووتن، وبڕیار بدەیت کە جارێکی تر نەگەڕێیتەوە سەریان.. چونکە خواو پاشان خۆت نەبێ هیچ کەس ئاگای لەدڵت نییە.. کوڕەیش تەوبەی کرد و بڕیاری دا جارێکی تر نەگەڕێتەوە بۆ گوناهەکانی.. منیش باوەشم پیاکرد و دوعای خێرم بۆکرد و ڕۆیشتم بۆ مەوعیدەکەم.. پاش ماوەیەك کە لەوێ دانیشتم زەنگی تەلەفونەکە هەر لێی دەدا و منیش هەڵم نەدەگرت.. لەدواییدا گوتم: مەبادا شتێکی ناکاو بێت با بزانم چییە؟!

کە تەلەفونم هەڵگرت گوتیان: دکتۆر لە خەستەخانەی فریاگوزارییەوە زۆر بەخێرایی داوای تۆ دەکەن!!

منیش ئیجازەم لەهاونشینەکانم وەرگرت ورۆیشتم بۆخەستەخانە - بەشی فریا گوزاری.

دیتم ئەولاوەی کە ماوەی نیو سەعاتێ پێش ئێستا لەتەکما بوو تەوبەی کرد، کاتێ بەترومبێلەکەی لە فەرعێکەوە هاتۆتە دەر، ترۆلییەکی گەورە لێی داوەو ترومێلەکەی ئەوی بەتەواوی پلیشاندۆتەوەو بە مشار ترۆلییەکەیان بڕیوەتەوەو کوڕەکەیان دەر هێناوە، بەڵام گیانی تیاماوە تا خەستە خانە، و منیش پێی گەیشتم هێشتا هەر گیانی تیا مابوو.. گوتم: خوا خۆشی ویستی کارێکی کەم و پاداشتێکی زۆر، ئێستاش کاتی ئەوەی بڵێیت: لا ئیلاهە ئیللەڵاو موحەممەد رەسولوڵڵا.. سوپاس بۆ خوا گوتی.. وزۆری پێ نەچوو وەفاتی کرد وماڵی فانی دنیای بۆ هەمیشەیی بەجێ هێشت..

http://www.penjweny.org/article/680

(٤)

# تۆبەیەك لەناو مەلهادا

مامۆستا عەلی تەنتاوی لەیەکێ لەکتێبەکانیا باسی بەسەرهاتێکی سەر سوورهێنەر دەکات و دەڵێ: رۆیشتمە مزگەوتەکەی (ئەلعەبباس)و لەوێ لاوێکم دی زۆر بەگەردن کەچییەوە نوێژی دەکرد، وەك ئەوە بزانێت لەبەرامبەر کێوە وەستاوە، و لەوەستانە کەیدا چی دەڵێت؟! منیش چاوی خۆم وڵی و وتم: تۆ بڵێیت چاوم درۆی لەگەڵ نەکردبم؟ ئەمە دەبێ فلاَنە کەس بێت؟! جارێکی تریش سەیرم کردو بەوردی سەرنجم دا، دیتم بەڵێ، کتومت خۆیەتی، و لەبەر خۆمەوە دەستم بە سوبحانەڵلا کرد، ئەم لاوەی کە ئینسانێکی شەرابخۆری رۆچوو لەخراپەو فیسق و فجووردا، و ئازاردەری دڵی دایك وباوکی، چۆن وا رێی کەوتۆتە مزگەوت ونوێژ دەکات؟!

لێی نزیك بوومەوەو لێم پرسی تۆفلاَنە کەسیت؟

گوتی: بەڵێ.

گوتم: سۆپاس بۆ ئەوخودایەی هیدایەتی دایت..

بۆم باس ناکەیت، بزانم چۆن خوا هیدایەتی دایت؟

گوتی: بەڵێ، بۆت باس دەکەم، لەسەر دەستی مامۆستا سەلاحەدین و لەناو مەلهەیەکدا تۆبەم کرد.. خوا چاکی بۆ بکات وپاداشتی بەخێر بداتەوە..

منیش بەسەرسامییەوە گوتم: لە ناو مەلهەدا ؟!

گوتی: بەڵێ،لە ناو مەلهەدا..

گوتم: چۆن بوو؟!

گوتی: ئەمە داستانەکەیەتی.. دەستی کرد بەباسکردنی و گوتی:

گەڕەکەکمان مزگەوتێکی بچکۆلەی تیا بوو، مامۆستایەکی لێهاتوو پێش نوێژی بۆ دەکردن، رۆژی لادەکاتەوە بەلای نوێژخۆێنەکانەوەو لێیان دەپرسێ: ئەرێ ئەوە بۆچ خەڵکەکە دیارنین ونایەن بۆ مزگەوت، بەتایبەت گەنجەکان، هەر نزیکی مزگەوت ناکەونەوەو نایش زانن لە کوێیە؟!

ئەوانیش دەڵێن: قوربان! ئەوان لە مەلهەکانن، ئەویش دەڵێت: مەلهە چییە؟

یەکێ لەوەلاَمیدا دەڵێ: قوربان! مەلهە هۆڵێکی گەورەیە، و سەکۆیەکی لەتەختە دروستکراوی تێدایە، و ئافرەت بەروتی یانیوەرووتی، دەرِۆنە سەر ئەو سەکۆیەو سمت و سکیانی تیا دەلەرێننەوە، و سوورِو سەمای تیا دەکەن، خەڵکیش بەدەوریانا دانیشتوون و سەیریان دەکەن..

مامۆستا دەڵێ: ئەوانەی سەیریان دەکەن موسوڵمانیشن؟!

دەڵێن: بەڵێ..

ئـەویش دەڵێت: خـوا پـەنامان بـدات!! هیچ هـەوڵ وتوانایـەك بێ خودا نابێت.. وەرن باپێکەوە برِۆین بۆ ئەو مەلهانـە تـا لـەوێ ئامۆژگاری خەڵکی بکەین..

ئەوانیش پێـی دەڵێن: مامۆستا! ئـەوە تـۆ چ دەڵێیت؟ دەتـەوێ لەمەلهادا ئامۆژگاری خەڵکی بکەیت، و ڕێی ڕاستیان پـێ پیشـان دەیت؟!

دەڵێ: بەڵێ..

خەڵکەکە هـەوڵ دەدەن لـەوبرِیارەی پەشـیمانی بکەنـەوە بۆیـە پێـی دەڵـێن: مامۆسـتاگیان! لـەوێ دەبینـە جێـی گاڵتـە ولاقرتێـی خەڵکی، و تووشی کۆمەڵێ ئێش و ئازار دەبین!!

پێیـان دەڵێت: ئایائێمـە لەپێغەممـەر -دروودی خـوای لێبێـت- ئـازیزترین؟! کـاتێ خەڵکەکـە دییـان مامۆسـتا لەسـەر قسـەکەی خۆی سوورەو بەراستیەتی، وتیان: قوربان! وانابێ..

مامۆستا پێیان دەڵێت: ئەی چۆن دەبێت؟..

دەڵـێن: قوربـان! مۆڵـەتمان بـدە ئێمـە کارەکـەت بـۆ ئاسـان ئەکەین، بەجۆرێك بتوانی ئامۆژگاری خۆت بکەیت..

دەرِۆن بـۆ مەلهاکـە، و قسـە لەتـەك خاوەنەکـەیا ئەکـەن، و ئەڵێن: ئەمانـەوێت بـۆ  ماوەیـەك مەلهاکـەمان بـەئیجار بدەیتێ بۆ ئەوەی مامۆستای گەرِەکەکەمان ئامۆژگاری تیا بکات.!!

خـاوەن مەلهاكـە لێیـان دەپرسـێت: چیتـان دەوێـت؟! چونكـە دەترسـێ ئەمانـە شـێت بـووبن، بۆیـە كـەمێ لێیـان دوور ئەكەوێتـەوە،و حەرەسـەكانی بانـگ ئـەكات، و دەڵـێ: دەتانـەوێ مامۆسـتاكەتان بێـنن لێـرەدا ئامۆژگـاری بكـات؟! خـاوەن مـەلها سەرسام دەبێت و لەسەرەتاوە رێیان نادات..

ئـەوانیش هـەوڵی لەتـەكا دەدەن، و ئـەڵێن: بـەڵێ.. ئێمـە دەمانەوێ یەك چارەكە سەعات ئامۆژگاری خۆی بكات، و بۆ ئەو مەبەستەش پارەت پێ دەدەین!!

لەئەنجامدا لەسەر برِێك پارە رێ دەكەون، كە بە ئەندازەی نیـوەی ئەودەسـتكەوتە ببێـت كـە شـەوانە لەوشـوێنەدا دەسـتی دەكەوێت.. خاوەن مەلها رازی دەبێت، و داوایان لێدەكات سبەی شـەو پـاش كۆتـایی هـاتنی سـەمای یەكـەم سـەماكەر، نـۆرەی ئامۆژگاری مامۆستا بێت!!

لاوەكـە گـوتی: شـەوی داهـاتوو مـن لـەوێ بـووم، یـەكێ لەئافرەتە لاوەكان دەستی بە سوورِدان كرد، كاتێ كۆتـایی هـات پـەردە دادرایـەوە، و پاشـان جـارێكی تـر كرایـەوە!! لـەناكاو مامۆستایەكی تەمەنداری بەویقار لەسەر كورسییەك دانیشتبوو، بەناوی خوا دەستی بەباسـەكەی كـرد و پـاش سوپاس و ستایشـی خـوداو سـلاَواتدان لـەگیانی پـاكی پێغەمـەر -دروودی خـوای لێبێـت- دەسـتی بـەئامۆژگاری كـرد.. خەڵكەكـە سەرسـام ببـون، پێیـان وابـوو كەئەمـەش بۆ گەمـەو گاڵتـەو پێكەنینـە، كـاتێ بۆیـان دەركەوت نەخێر لەبەردەم مامۆستایەكدان بـەواتای ئامۆژگـاری ئامۆژگارییان دەكات، بەقاقای پێكەنێن و توانج تێگرتن دەستیان

بەگاڵتە پێکردنی کرد. ئەویش هیچ خۆی تێك نەدا و گوێی پێ نەدان، و لە ئامۆژگارییەکەیدا بەردەوام بوو، تا یەکێك لەناو خەڵکەکەدا هەستایە سەر پێ و ئەوانی تری بێدەنگ کرد، و گوتی: بەیارمەتیتان کەمێ بێدەنگ بن تا گوێمان لێ بێت و بزانیین مامۆستا چی دەڵێت..

ئیتر لەهۆڵەکەدا ئارامی و بێدەنگییەك دروست بوو، تاوای لێهات بێجگە لەدەنگی مامۆستا گوێمان لەشتێکی تر نەبوو. قسانێکی دەکرد کەڵەوەپێش نەمان بیستبوو، چەند ئایەت و فەرموودەیەکی بۆ خوێندینەوە، و بەسەرهاتی تۆبەی چەند پیاوچاکێکیشی بۆ باسکردین.

مامۆستا تەنتاوی دەڵێ: پێم گوت: تۆهیچت لەبیرنەماوە لەوقسانەی باسی کرد؟ ئاخر شتێکم لەقسەکانی بۆ بگێڕەرەوە..

لاوەکە گوتی: لەوانەی باسی کرد ئەوەبوو گوتی: خەڵکینە! ئێوە تەمەنێکی درێژتان بەسەر بردووە و گوناە و بێ ئەمری خواتان زۆرکردووە، تام وچێژی ئەو گوناهانە کوا و لە کوێن؟! تام وچێژی گوناهەکان رۆیشتن ولاپەڕەی کردەوەکانیشتان بەرەشی ماوەتە وە، بۆ مردن نایەت بەخەیاڵتانا؟! ئایا دەتوانین لەدەست مردن رزگارمان ببێت؟! کەرۆژی قیامەت هات و لەبەردەستی خوای باڵادەستا راگیراین و پرسیاری لێکردین: بۆ سەرپێچیتان لەفەرمانەکانم کرد؟! چ وەڵامێکی بدەینەوە؟! لەورۆژەدا زاڵم وستەمکاران بەزەلیلی و سەرشۆڕی بانگ دەکرێن، وکۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو دۆزەخ راپێچ دەکرێن، وفڕێ دەدرێنە ناو ئاگری بڵێسەداری دۆزەخەوە، لەولایشەوە

پارێزکاران و تاعەتکاران بانگ دەکرێن و ناویان دەخوێنرێتەوە کە سەربەرزن،و بەرەو بەهەشتی بەرین دەیان بەن و فریشتەکان پێشوازیان لێ دەکەن.. ئایا لەورۆژەدا ئەم رابواردنە کەمەی ئێستا نابێتە ژەقنەموت، و هەزارجار لێی پەشیمان نابنەوە؟ بەلاَم هەروەك دەزانن لەویا پەشیمان بوونەوە هیچ سوودێکی نییە، خەڵکینە! ئایا سەرنجی کردەوەکانتان داوە بەرەو کوێتان دەبات؟ ئێوە توانای ئەم ئاگرەی دنیاتان نییە کە بەشێکە لەحەفتا بەشی ئاگری جەهەننەم، ئەی چۆن بەرگەی ئاگری جەهەننەم دەگرن؟!.. پێش ئەوەی کاتتان لەدەست بچێت رووبکەنەوە خودا و لەسەر پێچی فەرمانەکانی پەشیمان ببنەوە و تەوبەبکەن..

لاوەکە دەڵێت: هەموو خەڵکەکە دەستیان بەگریان کرد.. مامۆستا لەمەلهاکە هاتە دەرەوەو خەڵکەکەش شوێنی کەوتن، و لەسەر دەستی ئەوا تەوبەیان کرد، و تەنانەت خاوەن مەلهاکەش زۆر دڵی نەرم بوو، لەمەودوا سەردانی مامۆستای دەکرد، و پێم وایە ئەمڕۆ یاسبەی واز لەوکارەی دەهێنێ و کارێکی شەریف بۆ خۆی پەیدا دەکات..

ئەمە بەسەر هاتی تەوبەکەی من بوو..

منیش گوتم: خۆزگا هەموو مەلهایەك مامۆستایەکی ئاوها رووی تێبکردایە!

سەیری [ **قصص من الحياة للشيخ علي الطنطاوي** ] بکە

(٥)

# هەڵوێستێکی مەردانەی بانگخوازێك

ئەمرۆ بەسەرهاتی مامۆستایەکی زانکۆی ئەمریکیم خوێندەوە، دەزانن یەکەم هۆکار لەگۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانیا چی بوو؟ یەکەم هۆکار سەرپۆشی قوتابییەکی موسوڵمانی ئەمریکی بوو، کە زۆر بەڕێزەوە سەیری ئاینەکەی خۆی دەکرد و شانازی پێوە دەکرد، و سەرپۆشەکەی خۆی لا بەنرخ بوو، بەڵێ هۆکاری سەرەکی وراستەوخۆ بۆ موسوڵمانبوونی ئەو مامۆستایەی زانکۆ و حەوت کەسی تر { سێ مامۆستای دکتۆر، و چوار قوتابی ئەو زانکۆیە} بەهۆی سەرپۆشی ئەو خانمەوە بوو.. ئێستاش خۆیان بوونەتە بانگخواز بۆ ئەو ئیسلامە.. درێژە بەم پێشەکییە نادەم و لەسەر زمانی ئەو مامۆستایەوە کە ناوی خۆی گۆڕی بۆ {محمد ئەکۆیا}ڕووداوەکەتان پێشکەش دەکەم..

دکتۆر محمد ئەکۆیا بەم جۆرە ڕووداوەکە دەگێڕێتەوە:

چوار ساڵ لەمەوبەر گێژەلووکێکی گەورە لەزانکۆکەمان پەیدابوو، ئەویش بەهۆی هاتنی کیژێکی موسوڵمانی ئەمریکی یەوە بوو کە لەو زانکۆیەدا ببوە بەقوتابی و باڵا پۆش بوو.. لەناو مامۆستاکانی زانکۆدا پیاوێکی دەمارگیر هەبوو، کە زۆر ڕقی لەئیسلام بوو، هەمیشە هێرشی دەکردە سەر ئاینی ئیسلام، و دژایەتی بۆ ئەوانەی شوێنکەوتەی ئەو ئیسلامەشن لەسنوور تێپەڕی بوو، هەرکات ئەم قوتابییەی دەبینی بە هەلی دەزانی هێرش بکاتە سەر ئیسلام..

شەڕێکی بێسەر وبەری لەگەڵ ئیسلام و شوێنکەوتەکانیا بەرپاکردبوو، کاتێ دەیبینی کیژەکە زۆر بەئارامی و هێواشیەوە

وەڵامی دەداتەوە ئەوەندەی تر ئاگری تێبەردەبوو، بۆیە شێوەی شەڕەکەی لەتەکا گۆڕی، و دەستی کرد بەنمرە لێ شکاندنی، و باسی زۆر قورس و ناهەمواری بەسەرا دەدا، و لەئەنجامیشا زۆر سەختگیری لەنمرەکان دەکرد و ئەگەر زۆر باشیش بوایە هەر نمرەی خوارووی بۆ دادەنا.. کاتێ ئەو بەسەزمانە دەرەتانی نەما ناچاربوو سکاڵای خۆی بۆ لای بەڕێوەبەری زانکۆ ببات، وداوا بکات لیژنەیەك سەیری مەسەلەکەی و نمرەکانی بکات. بەڕێوەبەرایەتی بڕیاری دا دانیشتنێك سازبکرێ لەنێوان ئەو دکتۆرە دەمارگیرە، و قوتابییە باڵاپۆشەکەدا، و قسەی هەردوو لا ببیستێت تا بۆی دەربکەوێت کام لایان خەتابارە.. مەسەلەکە یەکلایی بکاتەوە..

لەکاتی دیاریکراودا بەشی زۆری دەستەی مامۆستایانی بەشەکە ئامادەبوون، وئێمەش زۆر بە شۆرو شەوقەوە ئامادەی ئەم دانیشتنە بووین، چونکە ئەمە یەکەمجار بوو لە زانکۆکەماندا شتی وا روو بدات..

دانیشتنەکە دەستی پێکرد و قوتابییەکە روونی کردەوە کە مامۆستاکەی لەبەر دینەکەی رقیەتی لێی و دەی بوغزێنێ، و لەبەر ئەوە مافە زانیارییەکانی پێ شێل دەکات، و لەوبارەوە چەند نموونەیەکی هێنایەوە، و داوای لەهەندێ لەوقوتابیانە کرد کە لەگەڵیا دەخوێنن، و لەو بارەوە شت دەزانن بیڵێن.. هەندێ لەقوتابییەکان شایەتییان بۆدا کە مامۆستاکە زوڵمی لێ دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاینیان لێك جیاواز بوو، شایەتی حەقیان بۆدا.. پاش ئەوە دکتۆرەکە دەیویست بەرگری لەخۆی بکات، و لەقسەکانیا بەردەوام بوو دەستی بەجنێودانی ئاینی کچەکە کرد، کچەکەش بەرگری لەخۆی دەکرد و زانیارییەکی زۆری لەبارەی ئاینەکەیەوە پێشکەش کرد، و لەقسەکانیشیەوە حەق دەر دەکەوت و سەرنجی ئێمەشی راکێشا، قسەکانی بەتوانابوو کاریگەرییەکی گەورەی لەدڵ و دەروونی ئێمەدا هەبوو،

تەنانەت ئێمە هەندێ جار قسەكانمان پێ دەبڕی و دەمانویست هەندێ شتمان لا روونتر بێ پرسیارمان لێ دەكرد وەلاَمێكی جوانی دەداینەوە، كاتێ دكتۆرە دەمارگیرەكە دیتی ئێمە بایەخ بەقسەكانی دەدەین، وپێمان خۆشە لەبارەی ئاینەكەیەوە شتێ بزانین،و گوێی لێ دەگرین و تاوتوێی هەندێ بابەتی لەگەلاَ دەكەین لەهۆلَەكە رۆیشتە دەرەوە..

زۆر دلَگران بوو بەوبایەخدانەی ئێمە بە قوتابییەكە، لەبەر ئەوە خۆی و ئەوانەی بایەخیان بەمەسەلەكە نەدەدا هۆلَەكەیان بەجێهێشت. ئێمە لەهۆلَەكەدا ماینەوە كە مەسەلەكەمان بەلاوە بایەخدار بوو، لەهەموو لایەكەوە چمكی وتووێژمان دەهێنا و دەبرد. لەدواییدا كیژە قوتابییەكە هەستا و یەكی دوو لاپەڕەی بەسەرا دابەش كردین، لەژێر ناونیشانی :{ئیسلام بۆمن یەعنی چی؟}، لەم دوولاپەڕەیەدا ئەو لایەنە پرشنگدارانەی ئیسلامی باسكردبوو كە هاندەر وپالَنەربوون بۆ وەرگرتنی ئەم ئاینە مەزنە، ئینجا ئەوەی روونكردوە كە بالاَ پۆشی چ گرنگییەكی هەیە، و چ شوێنەوارێكی هەیە، دەستی كرد بەشرۆڤەكردنی هەست و ئیحساساتی فراوانی خۆی بەرامبەر ئەو لەچكەی دەیدات بەسەریا، و ئەو جبەی لەبەری دەكات، كە بووە هۆی ئەم هەموو گێژەلَووكەیە!!

بەڕاستی هەلَوێستەكەی زۆر مەززن بوو، لەگەلَ ئەوەدا كە دانیشتنەكە كۆتایی هات بێ ئەوەی بڕیار بۆ هیچ لایەك بدات، بەلاَم ئەو گوتی: من بەرگری لەمافی خۆم دەكەم و لە پێناویا تێدەكۆشم، و بڕیاری دا ئەگەر لەم دانیشتنانەدا مافەكانی خۆی بۆ نەگەڕێنرێتەوە ئەو بێدەنگ نەبێ، و زیاتر هەولَی خۆی بدات و شوێن قەزیەكەی خۆی بكەوێت، هەرچەند خوێندنەكەشی بە جۆرێك لە جۆرەكان دوا بكەوێت.. لەراستیدا هەلَوێستەكەی بەهێز بوو، ئێمەی دەستەی مامۆستایان هەرگیز چاوەڕوان نەبووین ئەم قوتابییە خۆگری و دامەزراوی لەم

ئاستەدا بێت، ئەوەند بەتوانا بێت و هەڵوێستی بەهێز بێت لە پاریزگاری کردنی مەبدەئیا، بەراستی خۆگری لەبەرامبەر ئەو هەموو هێرشە، و روونکردنەوەی پرسیارەکان بۆ مامۆستا وقوتابیان لەناو گەرمەی بەرگریکردن لەخۆیدا و گەڕانەوەی بۆ سەر باسەکەی هەموو ئەمانە ئێمەی سەرسام کردبوو، ئەم مەسەلەیە هەروا لەناو زانکۆدا مایەوەو تاوتوێ دەکرا..

خۆگری ئەم ئافرەتە و بەرگریکردنی لەسەرپۆشەکەی یەکەم هەنگاوبوو بۆ گۆڕینی ئاوەڕۆی ژیانی من، لەناو دەروونما ملانەیەك دروست بوو، لەبارەی گۆڕینی ئاینەکەمەوە، ئەوەی من لەئیسلام شارەزاییم پەیداکردبوو، ئیسلامی لا خۆشەویست کردبووم، و ئارەزووم لەوەرگرتنی بوو، ماوەیەك وەستام تا لێکۆڵینەوەیەکی باشم کرد و ئەوسا موسوڵمانبوونی خۆم راگەیاند.. پاش منیش دکتۆرێکی تر و پاش ئەویش سێهەم دکتۆر لەزانکۆیەکەمانا ئیسلامبوونی خۆیان لەهەمان ساڵدا راگەیاند.. زیاد لەوە چوار قوتابیش موسوڵمانبوونی خۆیان راگەیاند..

لەماوەیەکی کەمدا ئێمە گروپێکی بانگخوازیمان پێکهێنا، بۆ پێناسەکردنی ئیسلام و بانگکردنی خەڵکی بۆی، ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە حاڵی بیرکردنەوەی جیددیدایە ئینشائەڵڵا لەم نزیکانەدا هەواڵی موسوڵمانبوونیان لەناو هۆڵەکانی زانکۆدا بڵاو دەبێتەوە..

(٦)

# هەوڵێکی کەم و بەرهەمێکی زۆر

لاوێکی ئەمریکی بە رەچەڵەك ئەسپانی پاش نوێژی بەیانی روودەکاتە یەکێ لەمزگەوتەکانی { شارۆچکەی برۆکلین} ی نیۆیۆرك، و بە نوێژ خوێنەکانی مزگەوت دەڵێت: من دەمەوێت موسوڵمان ببم..!

ئەوانیش پرسیاری لێ دەکەن: تۆ ناوت چییەو چ کارەیت؟ ئەویش پێیان دەلێت پرسیارم لێ مەکەن رینوێنیم بکەن، ئەوانیش رێنوێنی بۆ ئیسلام دەکەن، و دەڕوات خۆی دەشۆرێ و غوسڵ دەکات، و شایەتمان دێنێ، و فێری دەکەن چۆن نوێژەکانی بکات و چی بخوێنێت؟! بەگەردنکەچییەکی واوە یەکەم نوێژی دەکات هەموو موسوڵمانانی ناو مزگەوتەکە پێی سەرسام دەبن!!

لەرۆژی سێ هەمدا یەکێك لە موسوڵمانانی ناومزگەوتەکە بەتەنیا لەتەکیا دادەنیشێ، و باسەکەی لەتەکا دەکاتەوەو هۆی موسوڵمانبوون وگەڕانی بەشوێن ئیسلامدا لێ دەپرسێ، و پێی دەڵێ: برام توبیتو خودا بەسەرهاتی خۆتم بۆ باس بکە!!

ئەویش دەڵێ: برام ! چی لەتۆ شاراوە بێ؟! من هەر بە مەسیحی لەدایك بووم و لەسەر ئەو ئاینەش گەورە بووم و پەروەردە کراوم.. من زۆر دڵم پەیوەند بوو بە حەزرەتی مەسیحەوە – سڵاوی خودای لێ بێت – بەڵام کە تەماشای رەوشتی خەڵکیم دەکرد لەرەوشتی مەسیح بەتەواوی لایان داوە!! بەشوێن ئاینەکانا دەگەڕام بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرم لای خوا پەسەند بێ، و لەوبارەوە زۆرم خوێندەوە، و ماوەیەکی زۆربوو بیرم لێ دەکردەوە، و بابەتەکانی ئیسلامم شی دەکردەوە، سەرەنجام خوا دڵی بۆ ئیسلام کردمەوە، پێش ئەو شەوەی بێم بۆ لای ئێوە، لەخەوما بەخزمەت حەزرەتی مەسیح

گەیشتم، و تەشریفی هێنا بۆلام، و بەپەنجەی شایەتمان هێمای بۆ کردم و وەك ئەوە رێنوێنیم بکات فەرمووی: ببە بە محمدی..

دەڵێ: منیش هاتمە دەرەوە بۆ مزگەوتێك دەگەڕام، خوا رێنموونی بۆ ئەم مزگەوتەی ئێوە کردم، ئەوەبوو هاتم بۆ لاتان.. پاش ئەم دانیشتنە کورتە بانگوێژەکە بانگی عیشای فەرموو، و ئەم لاوەش لەگەڵ نوێژخوێنەکانی ترا رۆیشتە ناو ریزی جەماعەتەکەوە، لەرکاتی یەکەمدا سوجدەی یەکەمی تەواو کرد و لەسوجدەی دووەمدا ئیمام و خەڵکەکە هەستانەوە بۆ تەواو کردنی رکاتی دووەم، بەڵام ئەو هەڵنەستایەوە، هەر لە سوجدەکەیدا بوو، کە لەنوێژەکە بوونەوە و سەریان بەرزکردەوە دیتیان گیانی پاکی پەروازی کردووە.. و کۆچی ماڵ ئاوایی کردووە و بۆ هەمیشە ژیانی دنیای بەجێ هێشتووە..هیوادارین بەهەشتی بەرین جێگەی بێت!!

پێغەممەر صلی الله علیه وآله وسلم دەفەرموێ: نزیکترین شوێنێک لەنێوان خوداو عەبدەکەیدا لەکاتی سوجدە بردندایە، ئێوەش دوعای زۆری تێدا بکەن..

482- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ ". صحيح مسلم ، كتاب الصلاة / باب ما يقال في الركوع والسجود، و الكلم الطيب للألباني: 105/1.

3740 - عن جابر بن عبد الله رضي الله عنهما ، أن رسول الله صلى الله عليه وآله وسلم قال " يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيْهِ " المستدرك على الصحيحين أبو عبد الله محمد بن عبد الله الحاكم النيسابوري: واتە: ئینسان لەسەر چ شێوەیەک مرد خوا لەسەر ئەو حاڵە زیندووی دەکاتەوە..

(٧)

# خوا عاقیبەت خێرت بکات

لەیەکێ لەو ئیمەیلانەی بۆم هاتبوو چیرۆکێکی عەرەبیم خوێندەوە کەنووسەرەکەی دەڵێت: خۆم لەزاری بانگخوازێکم بیست کە جێی متمانەیە، و تەواو باوەڕم بەراستگۆیی هەیە.. هەر ئەو بۆی گێڕامەوەو گوتی:

پیاوێکی ناسراومان بۆی گێڕامەوەو گوتی: شەو لەخەوما داوایان لێکردم و پێیان گوتم کە: پەیوەندی بە فلان ژمارە تەلەفونەوە بکەم، و داوا لە فلان کەسی کوڕی فلان کەس بکەم لەگەڵما بێت بۆ مەککە بۆ ئەوەی عەمرەی پێ بکەم.. رۆژی یەکەم کە خەبەری دەبێتەوە بەخەوی هەڵیت و پەڵیتی دەزانێ و گوێی پێ نادات، شەوی دووەم هەمان خەو و هەمان داواکاری دووبارە دەبێتەوە، بۆ بەیانیدا دەچێت بۆلای ئیمامی مزگەوتەکە و پێی دەڵێ: خەوێکی وام بینیوە دەبێ تەعبیر و تەفسیری چی بێت؟ ئەویش پێی دەڵێت ئەمە داواکارییە، و ئەگەر جاری سێیەم دووبارە بووەوە جوان ژمارەکە لەبەر بکە و پەیوەندی پێوە بکە..و داواکاری و راسپاردەکە جێبەجێ بکە..

بۆ شەوی ئایندە هەمان خەو دەبینێتەو کە سبەینێ خەبەری دەبێتەوە لەچێشتەنگاوا تەلەفون بۆ ئەو ژمارە تەلەفونە دەکات و پێی دەڵێت: برام سێ شەو لەسەر یەك خەوم بینیوەو ئەم ژمارە تەلەفونەی تۆیان پێداوم و داوایان لێکردووم لەتەك خۆما بت بەنم بۆ عەمرە!! و پێویستە من ئەم فەرمانەش جێبەجێ بکەم!! کابرایش قاقا پێ دەکەنێ و دەڵێ: کاکە ئەوە تۆ چ دەڵێیت؟ عەمرەی چی و حەجی چی؟ چەند ساڵێکە پێ بزانم نوێژیشم نەکردووە!!

خەو بینەرەکە سوور دەبێ لەسەر بردنی بۆ عەمرە، و پێی دەڵێ چاوەکەم دەبێ من هەر بت بەم بۆعەمرە، چونکە ئەمە فەرمانێکەو من ناتوانم سەر پێچی لێ بکەم، تکات لێدەکەم یارمەتیم بدە، بەرامبەرەکەش پێی دەڵێ: بەمەرجێ لەسەر حسابی خۆت بم بەیت، و هەرچی خەرجی عەمرەکەش بوو دەبێ تۆ بیدەیت، و لەسەر حسابی خۆیشت بمهێنیتەوە بۆ ئێرە!! خەوبینەرەکە رازی دەبێت و هەردوو لەسەر ئەو بڕیارەی خۆیان رێدەکەون کە سبەینێ بێت بەشوێنیا بۆ ریاز و بیبات بۆ مەککە..

سبەینێ لەسەر بەڵێنەکەی خۆی دەچێت بۆ ریاز و لەوێ چاوی بەکەسێك دەکەوێت کە هیچ نیشانەیەکی سەلاح و روو لەخوابوونی پێوە دیارنییە..!! چلکن قژن، وەك کەسێکی سەرخۆش دیار، زۆری پێ سەیر دەبێ سێ شەو لەسەر یەك داوایان لێکردووە کەسێکی ئاوها ببات بۆ عەمرە!!

ئەمیش دەیبات بۆ نزیکترین میقات و شوێنی ئیحرام بەستن، و رێنوێنی دەکات خۆی بشۆرێت، و بەرگی ئیحرام بپۆشێت، و پاش ئەو رێ و رەسمە پێکەوە دڕۆن بۆ شاری مەککە تا عەمرە کەیان دەست پێ بکەن.. بەشێوەیەکی رێکوپێك عەمرەکەیان ئەنجام دەدەن، و رێ و رەسمی عەمرە تەواو دەکەن و بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە بۆ شوێنی خۆیان.. بەڵام پێش ئەوەی شاری مەککە بەجێ بێڵن ئەم تازە تۆبەکارە داوادەکات دوو رکات نوێژی ماڵئاوایی لە مەککە بکات نەوەك ئەمە دواین جاری بێت بێتە مزگەوتی حەرەمی مەککەوە.. ئەویش رێی پێ دەدات و نوێژەکەی دەست پێدەکات و لەنوێژەکەیا درێژە بە سوجدەکانی

دەدات ، لەدواین سوجدەیا کە زۆر دەمێنێتەوە دەیەوێ بزانێ بۆچ ئەوەندەی پێچوو؟! کەسەری بەز دەکاتەوە دەبینێت لەناو سوجدەکەیا بەرەحمەتی خوا چووە.!!

بەپێی فەرموودەی پێغەممەر ێ هەر ئینسانێك لەسەر چ شێوەیەك بمرێ لەسەر ئەوشێوەیە حەشر دەکرێت.. ئەم حاڵەتەی ئەمیش جێی خۆزگە پێ خواستنی هەموو ئیماندارێکە.. بەڵێ دەیباتەوە بۆ ریاز و لەوێ رێ و رەسمی بەخاك سپاردنی ئەنجام دەدرێ، و پرسەی سێ رۆژەی تەواو دەبێت و خەوبینەرەکە دەڕواتە ماڵی هاوڕێ مردووەکەی و پاش سەرخۆشی لەخێزانەکەی سوێندی دەدات کە ئەو مێردە خوا لێخۆشبووەی چ کارێکی کردووە وا خوا ئەو بەشە گەورەیە و کۆتاییە بەختەوەرانەی پێ بەخشیوە، کە هەر پیاوچاکێك ئاواتی پێ دەخوازێت؟!

ئەویش پێی دەڵێ براکەم وەڵڵاهی ماوەیەکی زۆر بوو ئەم هاوسەرەم نەنوێژی دەکرد و نەرۆژووی دەگرت، و شووشەی شەرابەکەش هاوەڵی هەمیشەیی بوو،تەنیا یەك شت نەبێ پێ نازانم چاکەی هەبووبێت..

بێوەژنێکی هەژار هاوسێمان بوو، ئەم بێوەژنە کۆمەڵێ منداڵی هەتیوی هەبوو، ئەم هاوسەرەی منیش کە شەوانە دەهاتەوە و خواردنی بۆ دەهێنایەوە بەهەمان شێوە بۆ ئەوانیش خواردنی دەهێنایەوەلەناو دەرگاکەیانا دای دەناو بانگی ئافرەتەکەی ەکرد خواردنەکە بۆ منداڵەکانی ببات.. ئەویش هەمیشە بەم نزایە بۆی دەپاڕایەوەو دەیگوت: براکەم یارەبی خوا عاقیبەت خێرت بکات!!

بەواتایەکی تر دوعای ئەو بێوەژنە موحتاجەی کە لەنێوان ئەو و پەروەردگارا بەربەستێك نەبوو ئەو پیاوەی گەیاندە ئەو کۆتاییە بەختەوەریەی کەهەموو ئیمانداریك ئاواتی بۆ دەخوازی.. ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە پێغەممەر ێ دەفەرموێ: من و ئەوانەی سەر پەرشتی هەتیو دەکەن وەك ئەو دووپەنجەیە لەبەهەشتا پێکەوەین، و هێمای بۆ پەنجەکانی دۆشاومژەو کاروان کوژە کرد.. " عن سهل بن سعد الساعدي أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: " أنا و كافل اليتيم في الجنة هكذا و قال بإصبعيه السبابة و الوسطى " أخرجه البخاري في الأدب المفرد، وصححه الألباني - الصفحة أو الرقم: 101.

http://www.penjweny.org/article/626

(٨)

# لاوێکی ئەمریکی و قەدەر

## ئوتێلێکی هەژارنشین:

بەسەرهاتی لاوێکی ئەمریکیم خوێندەوە کە دەیەوێ بازرگانی بە مادە سڕکەرەکانەوە بکات، و بۆ ئەم مەبەستەش دەچێت بۆ هیندستان، ولەوێ کاتێ لە فڕۆکەخانەی دلهی دادەبەزێ، بەتەکسیەکە دەڵێت بمبە بۆ هەژارترین ئوتێلی ئەم شارە، چونکە بیستوویەتی کە ئەوانەی ئاڵ و ویڵ بەو مادەیەوە دەکەن بەزۆری لەو شوێنە هەژار نشینانەدا دەست دەکەون.. کابرای تەکسیش دەڵێ: ئەگەر تۆ پێت خۆشبێت دەتگەیەنمە ئوتێلێکی وا ئەسڵەن حەقی خەوتنت لێ وەر نەگرن!! دەڵێ منیش زۆر پێکەنینم بەقسەکەی هات.. وتم: ئایا شتی وا ماقووڵە؟! تەکسیەوانەکە گوتی: نەك هەر ئەوە بەڵکو نانخواردنی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارەشت بە خۆڕایی دەبێ.. ئەڵێت: ئەوەندەی تر پێکەنیم و سەر سام بووم و گوتم: بەراستیتە، شتی وا هەیە؟ یا گاڵتەم پێ دەکەیت؟!! گوتی: گاڵتە ناکەم و بەراستمە، بەڵێ شتی وا هەیە و ئەگەر دەتەوێ دەتگەیەنم، وخۆت بەچاوی خۆت دەیبینیت.!! منیش وتم: ئەمە ولآتی عەجایەباتە.. باشە بم گەیەنە.. ئەوەندەی تر سەرسام بووم!!

## ئەوشەوە لەترسانا خەوم لێ نەکەوت:

کە گەیشتینە ئەوێ جێیەکی زۆر سەیر بوو.. کۆمەڵێ لاوی ریشداری لێ بوو، کە چاویان پێمان کەوت هاتن بەرەو پیرمان، وباوەشیان پیا کردین، و رێزێکی زۆریان لێ گرتین، و منیش لەدڵی خۆمدا دەمگوت: خوایە! دەبێ ئەم ئوتێلە چ ئوتێلێك بێت!!

شتی وام نەدیبوو.. ئەمە یەکەمجار بوو لەژیانما شتی وا ببینم.. زۆر ترسم لێ نیشت..بەڵێ کاتی ئێوارەبوو کە گەیشتین نانی شەویان دامێ، وهیچ پارەیان لێ وەرنەگرتم هەروەك تەکسییەوانەکە بۆی باس کردم، کەئەویش خۆی تەنیا فلسێکی حەقی تەکسیەکەی لێ وەرنەگرتم کاتێ گەیاندمیە ئەو شوێنە!!

ئەی خودایە! ئەمانە دەبێ چی بن؟ ئەمە خەوە یا حەقیقەتە؟

ئەوشەوە نوستم، بەلاَم چ نوستنێك.. باوەڕتان هەبێت هەر لەژێر بەتانیەکەوە زرتەی چاوم دەهات، زۆر دەترسام، تۆ بلێی ئەمانە شەوێ بم کوژن؟! ئەوشەوە لەترسانا خەوم لێ نەکەوت..

بەڵێ رۆژ بووەوە، منیش هەستام لەخەوی بێداری و باوەڕم نەدەکرد رۆژم لێ ببێتەوەو من زیندووبم، واسوپاس بۆ خوا بە زیندوویی ماومەتەوە.. و نانی بەیانیشیان بۆهێنام، و بەخۆڕایی نانم خوارد..

پاش ئەوە خەوم لێکەوت حەقی شەوێیشم کردەوە تا دەماودەمی عەسر خەوتم..

ئەوکاتە خەبەرم بووە، تەماشا دەکەم خواردنی نیوەڕۆیش هات ئەویش بەخۆڕایی..

ئەی خودایە! ئەمانە دەبێ چی بن؟ ئەمە خەوە یا واقیعە؟!

پاش نان خواردن لاوێکی ئەمریکی ریش دار هات بۆ لام وباوەشی پیا کردم و ئەملاو لای ماچ کردم، وخۆی پێ ناساندم، کە ئەمریکییەو موسوڵمان بووە، و بەهۆی ئەم کۆمەڵەوە کە

پێیان دەڵێن: کۆمەڵی دەعوەو تەبلیغ.. ئێستاش من دەمەوێ لەبارەی ئیسلامەوە بۆت باس بکەم.. ئەگەر پێت خۆش بێت؟!

بەدرێژی باسی شتە سەرەتا ییەکانی ئیسلام و لایەنە جوانەکانی بۆ کردم.. پاشان باسی ژیانی هەمیشەیی دوای ئەم ژیانە و باسی بەهەشت ودۆزەخی بۆ کردم.. و لەراستیدا قسەکانی زۆر کاریگەربوون لە دڵ و دەروونما.. منیش پێم گوت: من چی بکەم بۆ ئەوەی ببمە موسوڵمان؟

ئەویش رێنموونی کردم..

منیش هەستام خۆم شۆرد و لەبەردەم کۆمەڵێ مامۆستای ناوداری ئەو وڵاتەدا شایەتمانم هێنا و موسوڵمان بووم..

هەموو باوەشیان پیا کرد م و لا رووەمەتیان دەنا بەلا رومەتمەوە، و پاش ئەوەی کەزانییان من بۆچی هاتووم، وخوای باڵادەست چی بەنسیبم کرد دەستیان بە گریان کرد.. کاتێ کەخوا بییەوێت دڵێ رووناك بکاتەوە چۆن رێگاکانی بۆ خۆش و ئامادە دەکات..

بۆ ماوەی شەش مانگی تەواو لەو سەنتەرە مامەوە.. سەنتەری نیزامووددین، لەوێ فێری بەشێکی زۆر لە نهێنییەکانی ئەم ئاینە هێژایە بووم.. و پاشان گەڕامەوە بۆ ئەمکریکا و ئێستا ئەوەتە دەرگا و دەرگا، ماڵەو ماڵ و گەڕەکاو گڕەك دەگەڕێم و دەمەوێت ئەم پەیامە بگەیەنم..

دۆستان پەیامی من بۆ هەموانە**!!** بەشێکی زۆر لەوانەی موسوڵمانن ولەم وڵاتەی ئێمەدا دەژین بەسەزمانانە هەژارن چۆن ئێمەی ئەمریکی لەبارەی ئاینەکەیانەوە هیچ نازانین باوڕِتان هەبێ ژمارەیەکی زۆر لەوانیش ئاوەها بێ ئاگان لەو ئاینەی خۆیان.. مەبەست لە ژیانیان لێ ونبووە هەروەك لە ئێمەش ونبووە..

http://binatiih.com/go/news.php?action=view&id=970

شبكة الدعوة والتبليغ

(٩)

# گەورەیی سڵاواتدان

لەوکاتەدا کە لەمالیزیا بووم سەرێکم لە دکتۆر لەیس دا لە نوسینگەکەی خۆیدا، ئەویش سەیرێکی ئیمێلەکانی خۆی کرد، و یەکێ لە ئیمێلە کانی خوێندەوەو دڵی پڕبوو هەندێ سوبحانەڵڵای کرد و گوتم: ئەوە خێربوو؟ گوتی: وەڵڵاهی ئیمێلێکی سەیر بوو، بۆی گێرامەوە و گوتم: بێ زەحمەت بینێرە بۆ ئیمێل ئەدرەسەکەی منیش.. خوا پاداشتی خێری بداتەوە بۆی ناردم، و منیش لەم رۆژانەدا باسی ئەو ئیمێلەم بۆ منداڵەکانم دەکرد، بەپێویستم زانی کە بڵاوی بکەمەوە بۆ ئەوەی سوودەکەی بۆ هەموان بێت ئینشائەڵڵا .. کورتەی ئیمێلەکە ئەمەیە:

خاوەن ئیمێلەکە دەڵێ: لەدەم کەسێکی متمانە پێکراوەوە بیستم کە برادەرێك باوکی دەمرێ و کۆچی دوایی دەکات، برادەرەکەش خۆی باوکی خۆی دەشۆرێ، و کفنی دەکات..

بەڵام زۆر نارەحەت دەبێ کە دەبینێ رواڵەتی باوکی رەش هەڵگەڕاوەو بەتەواوی گۆڕاوە!!.. زۆر خەفەتی پێدەخوات و هیچیشی لەدەست نایەت، جگە لەدوعای خێر بۆ ئەم باوکەی.کە هەندێ جار لەگەڵ کردەوە چاکەکانیا کردەوەی خراپیشی دەکرد..

ئەمیش دەڵێت لەدلەوە زۆر پاڕمەوەو خەفەتێکی زۆرم بۆ ئەم حاڵەی باوکم خوارد، و هێشتا ئێمە تەرمەکەمان نەبردبوو بۆ گۆڕستان وەنەوزێکم داو خەوم لێکەوت. لەخەوەکەمدا دیتم کەسێکی سەر تاپاسپی هات و فەرمووی: ئەوە باوکتە؟ عەرزم کرد بەڵێ.. رۆیشت بۆلای باوکم و دەستی هێنا بەسەر رووی باوکمدا، ورەنگە رەشەکە گۆڕا بەڕەنگێکی سپی نوورانی.. منیش زۆر بەو حاڵە دڵخۆش بووم، و لە

سەرتاپا سپیکەم پرسی: قوربان ! بەرێزت کێیت؟ ئەویش فەرمووی: بۆچ نامناسیت؟ من {محمد المصطفى } پێغەممەری خودام، ئێمە دەبێ وەفایەکمان بۆ باوکت هەبێ، باوکت هەمیشە دەم بە سڵاوات بوو، هەر هەلێکی بۆ بڕەخسایە سڵاواتی دەدا، ئەمەش وەفای ئێمەبوو بۆ ئەو لە پێش ڕۆژی قیامەتدا..!!

لەخۆشیدا خەبەرم بووەوە.. بەپەڵە ڕۆیشتم سەر رووی کفنەکەی باوکم لادا، بۆ ئەوەی بزانم ئەم خەوە چی بوو؟

قەسەم بەخوا چۆن لەخەوەکەدا دیبوم ئاوەها باوکم ڕواڵەتی نوورانی بووبوو..!!

# # #

**لێدووانی خۆم لەسەر ئەم خەوە:**

یەکەم، خەو لە ئیسلامدا بەڵگەیەکی شەرعی نییەو حەڵاڵ و حەرامی پێ دروست نابێت..

دووەم، خوا زۆر لەوە گەورەتر ومیهرەبان ترە کە لەسەر هەندێ وردە گوناهـ رووی عەبدێکی خۆی ڕەش بکات.. مادام ئەم عەبدە ئیمانی ببێت و خاوەن باوەڕ بێت. پێغەممەر صلی الله علیه وسلم خۆیشی دەفەرموێ: خودا بۆ بەندەکانی خۆی لەدایکی جگەر گۆشە بەرەحمترە..!!

سێ هەم، هەڵدەگرێ ڕواڵەت گۆڕانەکە وەك ئەو گۆڕانەبێ کەلەکاتی تووڕەبووندا، هەندێ کەس ڕەنگی ڕەش دادەگیرسێ، یا کەسێك زۆر ماندوو دەبێت ورەنگی ڕەش دادەگیرسێ، ئەمەش بەڵگە لەسەر تاوانکاری و گوناهی گەورە نییە. چونکە زۆر کەسانی خوێن ڕێژ و زاڵم و تاوانکار هەبوون ڕواڵەتیان زۆر جوان بووە، ولەکاتی مردنیشیاندا نەگۆڕاون.

چوارەم: دەگونجێ: ئەم حاڵەتە بۆ ئەو مرۆڤە رووی دابێ، تا بەڵگەیەکی مەلمووس بێت کە ئەوانەی دەمیان بە سڵاواتدان پاراوە، پێغەممەری خوا

صلى الله عليه وسلم ئاوەها فريايان دەكەوێت.. خۆ ئاشكرايە كە شفاعەتى پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لەرۆژى قيامەتدا ئەوانەش دەگرێتەوە كە تەنيا ئيمانيان بووبێت وبەس..

پێنجەم، ناوەرۆكى ئەم خەوەش هاندانە بۆ سڵاواتدان وخێرو بەهرەى ئەو كارە، ئەمەش لە فەرمودەى سەحيحا پێمان راگەيەنراوە.

شەشەم، بڕوابوون بەو هەواڵانەش كە لەدەم خەڵكييەوە پێمان دەگات، ئيلزامێكى شەرعى نييە، چونكە هەمو هەواڵێك كە لەغەيرى قورئان و سوننەتەوە بێت واجب نابێت لەسەر خەڵكى باوەڕيان پێى هەبێ، چونكە هەواڵەو هەواڵيش هەردوو ئيحتيمالەكەى راستبوون و پێچەوانەكەيشى هەيە.. لەم هەواڵەشدا كە ئێمە بەدەستمان گەيشتووە هۆگرييەكى تيا دەبينين بۆ سڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر  صلى الله عليه وسلم.

لەسەحيحى بوخاريشدا بۆمان باس دەكات: كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم خۆى فەرموويەتى: ئەوەى سڵاواتێك بدات وبڵێت:" اللهم صل على محمد و على آل محمد " خواو فريشتەكان دە جار سڵاوات لەوكەسە دەدەنەوە، ئەڵبەت سڵاوات لەلايەن خواوە ناردنى رەحمەتە، و لەلايەن فريشتەكانيشەوە داواكردنى رەحمەتى خودايە. كەوابوو با ئێمەش دەممان بە سڵاوات پاراوبكەين و هەر هەلێكمان بۆ هەڵكەوت بەزايەى نەدەين و بڵێين: " اللهم صل على محمد و على آل محمد ".

http://www.penjweny.org/all-category/english-section

(١٠)

# مامۆستا و دراوسێکەی

**چیرۆکێکی**

**کۆمەلاَیەتییە و لەعیراقدا رووی داوە**

مامۆستا دەڵێ:

بەرۆژا توانام نەبوو دەرز بەمنداڵەکانم بڵێم چونکە لە قوتابخانەی ناوەندیدا بەیانیان چوار دەرزم هەبوو، ئێوارانیش چواردەرزی ترم دەگوتەوە، شێوان کە دەهاتمەوە شەکەت و ماندووبووم، دوای نانی شێوانیش دەرزی قورئانم بەمنداڵەکانم دەگوتەوە، و رەوشتی ئیسلامی و ئیسلام ناسیم پێ دەگوتن، دەبوا خەمی منداڵەکانی خۆیشم بخۆم چونکە گەورەترین سامانی مرۆڤ منداڵەکانیەتی...

شەوانە کە دنیا کش ومات دەبوو، دەڕۆیشتمە باخچە بچکۆلانەکەی حەوشەی خۆمانەوە و بەهێواشی قورانم دەخوێند، ناهەقم نەبوو، چونکە هەروەك لەشم پێویستی بەخۆراك هەبوو، گیان و رۆحیشم پێویستی بەخۆراك هەبوو، باشترین خۆراکی گیانیش قورئانە، گەر بە هۆش و گۆش و بێداری و بیرکردنەوەوەبێ.

خانووەکەی تەنیشتمان خانووی کرێ بوو، کرێچییەکەی پێشوو تازە چۆڵی کردبوو.. ماڵێکی تری تێهاتبوو، بەپێچەوانەی ئەوەی پێشوو ئەمان هەمیشە قڕە و هەرا و بەزمیان بوو، شەڕو فەرتەنە و جنێودان، و چەقەنە لێدان، و گۆرانی وتن پیشەیان بوو..

سێ چوار منداڵی وردیشی هەبوو، بەزەییم بەو منداڵانەدا دەهاتەوەو دڵم بۆیان دەسوتا، چونکە ئەگەر ئەو منداڵانە لەو کەش و هەوایەدا گەورەببن چۆن رێی راست بپێکن؟ ئەوە باب و داکیان بێ، کێ پەروەردەیان بکات؟ چۆن پەروەردە ببن و

دوو قسەی خیر بە گوێیاندا بچێت؟ کێ دەستیان بگرێ ورەوشتی بەرزیان فێر بکات؟!! ئەوە حاڵی ماڵ و ئەوەش رەوشتی دانیشتوانی بوو!!

رۆژێ برادەرێکی خۆشەویستم هات بۆماڵمان و لەبەردەرگا دراوسێکەی بینی بوو، بۆیە پاش سەلام کردن و چۆن وچاکی بەهەردوو چەپۆك ماڵی بەسەر خۆیدا و گوتی: هەی هاوار!! ئەوە فلاَنەکەس بووەتە دراوسێتان؟!! گوتم: بۆچ؟ چییەتی؟

گوتی: جا چی نەبێت! لەوگەڕەکەی ئەولاخەڵکێکی زۆر دڵیان لێی زویر بووبو، خوا بەزەیی پیاتاندا بێتەوە، زۆر دەترسم ژیانتان لێ تاڵ بکات!!

گوتم: برا! چ دەسەلاَتێکمان هەیە؟! خۆ ناشکوری نەبێ لەتوانامانداندا نییە بەخاوەن خانووە کە بڵێین: بابە! ئەوە کرێ خانوەکەی و بەهەموو کەسی مەدە!! ئەویش هەرکەس کرێی بداتێ پێی دەدا.. خوا توانای خۆ گرتنمان بداتێ، و بتوانین موسڵمانانە لەتەکیاندا رەفتار بکەین، چونکە مافی دراوسێ بەسەر دراوسێوە زۆر گەورەو گرانە!! ئەوەتە پێغەمبەری پێشەوامان صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: " وَاللَّهِ لا يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لا يُؤْمِنُ، وَاللَّهِ لا يُؤْمِنُ، قِيلَ: وَمَنْ؟ يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: الَّذِي لا يَأْمَنُ جَارُهُ بَوَايِقَهُ".. () سوێند بەخوا ئیمانی تەواوی نابێ - سێ جار- عەرزیان کرد: کێ؟ ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمووی: ئەوەی دراوسێکەی لە شەڕو خراپەی ئەمین نەبێ، واتە: ئازاری دراوسێکەی بدات.

دوو هەفتە بەسەر هاتنی ماڵە دراوسێکەماندا تێپەڕیبوو، شەوێك وەك عادەتی خۆم لەکاتی دنیا ئارام بووندا لەحەوشە

بچكۆلانەكەی خۆماندا دەستم بەقورئان خوێندن كرد.. بەدڵ و گیان لەتەكیا دەژیام، و بیرم لێدەكردەوە، وهەموو هۆشم لای واتای ئایەتەكان بوو، بەتایبەت كە گەیشتمە كۆتایی سورەتی ئەلحەشر، كە خوا رووی فەرمایشتی لەئیمانداران دەكات ودەفەرموێ: (یَاأَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُوا! اتَّقُوا اللَّهَ، وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ، وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِیرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ، وَلا تَكُونُوا كَالَّذِینَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ ،أُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ،لا یَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ، أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ الْفَائِزُونَ)() ئەی خاوەن باوەڕان! لەخوا بترسن، خۆتان لەگوناهـ بپارێزن، هەركەس تەماشای كردەوەی خۆی بكات و بزانێ چی لەپێش خۆیەوە ناردووە بۆ سبەینێی و رۆژی قیامەتی؟ لەخوا بترسن و پارێزكاربن، بێگومان خوا ئاگای لەكردارو رەفتارتانە! وەك ئەوانە مەبن كە پشتیان كردۆتە بەرنامەكەی خوا و خوایان لەبیر خۆیان بردۆتەوە و خوایش خۆیانی لەبیربردوونەتەوە!! ئەوانە كۆمەڵی فاسقانن. بەهەشتییەكان و جەهەننەمیەكان وەك یەك نابن، ئەوانەی بەهەشتین سەرفراز و براوەن..

كاتێ ئەم ئایەتانەم دەخۆێندەوە هەستم بە بەرەكەتێك دەكرد باریوتە سەر دڵم دوو پاتم كردنەوە، جارێكی دی خوێندنمەوە. لە خوێندنەوەیاندا زۆر بەشەوق وزەوق بووم، وام هەست دەكرد خوا بەو هەموو گەورەیی خۆیەوە لەتەك منا دەدوێ و قسە بۆ من دەكات، و ئەم فەرمانەم بەسەرا دەدات.. لە دواین جاری خوێندنەوەكەمدا گوێم لە پرمەی گریانێ بوو، كەمێ بێدەنگ بووم، هەستم كرد لەپەنای دیواری دراوسێكەمانەوە دێت!!

منیش پێم سەیر بوو، لەم نیوە شەوەدا و لەوجێگەیەدا بۆچ دەبێ بگری؟! سەرێکم بەرزکردەوە دیتم پیاوەکەی هاوسێمان وەستاوە، کەچاوی بەمن کەوت هەندێ مەعزەرەتی هێنایەوەو داوای لێ بوردنی کرد وگوتی: داوای لێبوردن دەکەم کەمن لێرەدا وەستاوم و ئیجازەم لەتۆ وەرنەگرتووە!! بەڵاَم من بەم حاڵەی خۆمەوە رووم نەبوو داوای ئیزنت لێ بکەم و زۆر حەزیشم لە قورئان خوێندنەکەی تۆیە!! بۆیە خۆم بۆ نەگیرا لێرەدا وەستام و گوێم لێگرتی!! لەراستیدا ئەوە ماوەی دوو هەفتەیە کە ئێمە هاتووینەتە دراوسێتانەوە هەموو شەوێ کە قورئان دەخوێنی من دێم و دەوەستم و لێرەوە گوێت لێدەگرم.. مەنعم مەکە، زۆر تامەزرۆم، کە گوێم لە خوێندنی قورئانەکەت دەبێ دڵم روون دەبێتەوە بەهەموو قەوارەمەوە لەزەتی لێ دەچێژم، دەروونم ئارام دەبێت، وا دەزانم شتێکی زۆر بایەخدارم لێ وون بووە و ئێستا دۆزیومەتەوە!!

منیش هەندێ دڵخۆشیم دایەوە و گوتم: براگیان ! من بەم کارەی تۆ زۆر دڵخۆش و شادمانم و تاوانێکت نەکردووە تا مەعزەرەت بێنیتەوە، ئێستاش فەرموو با کەمێ پێکەوە دا بنیشین و دوو قسە بکەین..

گوتی: جا من چۆن رووم هەیە بێم بۆ لای تۆ دا بنیشم؟! منێك بەم هەموو گوناهەوە و تۆش...!

قسەکەم پێ بڕی وگوتم: برا ! خوا لەگوناهمان خۆش ببێت، تۆ زۆر بەڕێزتری لای خوا، تکات لێ دەکەم بەجۆرێکی سەیر بیر مەکەرەوە، من برا بچووك و تۆ برا گەورەیت، فەرموو باکەمێ

پێکەوە دابنیشین.. پاش ئەوە کە زۆر هەتەریم کرد هات و پێکەوە دانیشتین..

گوتی: مامۆستا ! من زۆر گوێم لەقورئان بووە، بەلاَم هەرگیز بەم جۆرە لەدڵمدا کاریگەر نەبووە، ئەوە هۆی چییە؟

٢

گوتم: قەدەری خوا وابووە ئەم خوێندنەوەیەی منت پێ خۆش بێ، دەنا قورئان هەر قورئانە..

گوتی: راستە قورئان هەر قورئانە، بەلاَم وابزانم ئەو قورئانەی بەدڵ بخوێنرێتەوە بەدڵ و دەروونەوە دەنیشێت، و ئەوەش بەبێ ئاگا وسەرزارەکی بخوێنرێت بەپەنای گوێدا تێپەڕ دەبێت وناچێتە ناو دڵەوە..!!

گوتم: تۆ لوتفت هەیە، دەنا من وانیم.. بەلاَم واقیعەن ئەو کەسەی قورئان دەخوێنێتەوە ئەگەر وای بخوێنێتەوە کەبۆ خۆی هاتۆتە خوار، وخوا بەو هەموو گەورەیی و دەسەلاَتەی خۆیەوە قسە لەگەڵ ئەوا دەکات، بێگومان لەدڵ ودەرووندا کاریگەر دەبێ..

پاش ماوەیەك قسەکردن گوتی: مامۆستا! ئەوە بۆچ خوا جەهەننەمی دروست کردووە؟

گوتم: براگیان! خوا نیعمەتێکی زۆری بە ئێمە بەخشیوە، و چاکەیەکی بێ ژمارەی لەتەکدا کردووین، کەچی ئێمەش سپڵەو پێ نەزانین، خوا فەرمانمان پێدەکات: فلاَن کار بکەین، ئەنجامی نادەین، یا شتێکمان لێ قەدەغە دەکات، دەڵێین: لە داخی

تۆ ئەیكەین!! ئایا ئێمە ئەوەندە سەهەنەو لاسار بین جێی خۆی نییە جەهەننەممان بۆ ساز بكات؟!

گوتی: بەریَ وەڵلا.. بەلاَم كێ رای دەكەوێ بڵێ: خوایە! لەداخی تۆ فلاَن عیبادەت ناكەم و فلاَنە گوناهـ دەكەم؟!

گوتم: برا! ئەوانە ئەگەر بەدەم وا نەڵێن، كردەوەكانیان ئەوە دەگەیەنێ..

گوتی: قسەكەت بەجێیە، بەلاَم حەز دەكەم هەندێكم لەو ناز و نیعمەتانەی خوا بۆ باس بكەیت..

گوتم: بەسەر چاو!!.. كاكە گیان! هەر لەوكاتەوە كە ئێمە تنۆكی ئاوین ولەناو منداڵدانا جێگیر دەبین تا دێینە دنیاوە، تا لەدنیاش دەرئەچین لوتفی خواییمان لەتەكدایە،چاودێرمان دەكات بۆنموونە:

## رام كردنی دایك:

خوا لەجوانترین شێوەدا دروستمان دەكات و وێنەمان دەكێشێ و گیانمان بەبەرا دەكات، بۆ ئەوەی لەناو منداڵدانا بتوانین بژین بەبۆرییەك پەیوەندی داوین بەدایكمانەوە، تا لەرێگەی ئەو بۆرییەوە بتوانین خواردن بخۆین، چونكە هیشَتا دەم وگەرووما نەكراوەتەوە و ناگونجێن بۆ بەكارهێنان، لەگەڵ ئەوەدا كە خواردنمان بەهۆی خوێنی دایكمانەوەیە كەچی دایكمان پێیان خۆشە، تەنیا بۆ ئەوەی ئێمە بژین و نارەحەت نەبین.. خوا ئاوەها دایكمانی بۆ رام كردووین!!

كاتێ دێینە دنیاوە لەو كاتی ژانی بوونەدا دایكمان دەكەوێتە گیانەلاَ، ئەوەند ئازاری پێ دەگات، كەچی پێی خۆشە چونكە

ئێمە بەدیدێین.. لەگەڵ ئەوەدا کە دایکمان بەرۆژا ماندوو دەبێ، و ئیش و کار شەکەتی دەکات، لەوانەیە لەپەنایا دەهۆڵ لێ بدرێ خەبەری نەبێتەوە، کەچی لەگەڵ ئێمە نووزەیەکمان لێوەبێ لەو خەوە خۆشەی را دەپەڕێ و هەزار جاریش خۆی دەکات بەقوربان و بەساقەمان و مەمکەی دەنێتە دەممان و شیرمان دەداتێ، خەو لەخۆی دەزڕێنێ، تەنیا بۆ ئەوەی ئێمە لە نارەحەتیدا نەبین..

هەروەها لوتفی خوا ئەوەند زۆرە لەتەکماندا – دایکمانی ئاوەها بۆ رام کردووین- ئەگەر پەنجەیەکمان گەرم بێ ئارامی لێ هەڵ دەگیرێ وهەزاران جار دەپاڕێتەوەو خەمی لێ دێت و ژیانی لێ تاڵ دەبێت، و خۆی بەدەورماندا دەگێڕێ تا چاك دەبینەوە، و هەروەها بێ ئەوەی قیز وبێزمان لێ بکاتەوە پاکمان دەکاتەوەو پەڕۆکانمان دەشۆرێ!!

کاکە گیان!! خوا ئەم هەمو لوتفەی لەتەکا کردووین، و دایکمانی ئاوەها بۆ رام کردووین، ئەم هەمو زەحمەتەمان لەگەڵ دەکێشێ بێ ئەوەی حەز بکات بمرین و لەدەستمان رزگاری بێ. بۆیە پێغەمەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (عَنْ مُعَاوِيَةَ بْنِ جَاهِمَةَ السَّلَمِيِّ أَنَّ جَاهِمَةَ جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ صلی الله علیه وسلم فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ! أَرَدْتُ أَنْ أَغْزُوَ، وَقَدْ جِئْتُ أَسْتَشِيرُكَ، فَقَالَ: هَلْ لَكَ مِنْ أُمٍّ؟ قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَالْزَمْهَا، فَإِنَّ الْجَنَّةَ تَحْتَ رِجْلَيْهَا).() بەهەشت لە ژیرپێی دایکاندایە. جاهیمە هات بۆلای پێغەمەر صلی الله علیه وسلم و گوتی: قوربان! دەمەوێ بچم بۆ غەزا، هاتوم پرست پێ بکەم. فەرمووی: دایکت هەیە؟ گوتی: بەڵێ. فەرمووی: لێی دوورمەکەوە، بێگومان بەهەشت لەژێر هەردوو پێی دایە.

گوتی: مامۆستا ئەم باسەی تۆ وای لێکردم هەست بەگەورەیی پلەو پایەی دایك بکەم، بەراستی مافی زۆرە بەسەرمانەوە، لەراستیدا تا ئیستا نەمدەزانی ئەوەند قەرزاری دایکین!!

گوتم: ئەمە کەمێك بوو لەو زەحمەتانەی دایك لەتەك منداڵی خۆیا دەیکێشێ.. باسەرێك لەباوکیش بدەین..

## رام بوونی باوك:

بەڵێ، برام! خوا ئەوەندە لوتفی زۆرە لەتەکمانا نازانین چۆن باسی بکەین.. بەو جۆرە دایکمانی بۆ رام کردووین، و باوکیشمانی زیاتر بۆ رام کردووین..

ئەوەتە هەر لەبەیانی تا ئێوارە زەحمەت دەکێشێ و عارەق دەرێژێ و نانمان بۆ پەیدا دەکات.. لەرێی نان پەیدا کردنا خۆی ماندوو دەکات، ئازار دەچێژێ، شەو نخوونی دەکات، ئیسراحەت لەخۆی تاڵ دەکات.. هەموو ئەم زەحمەتانە دەکێشێ بۆ ئەوەی ئێمە بەخۆشی بژین، وا دەبێ بەئاسانی کاری دەست ناکەوێ، خۆی دەخاتە مەترسیەوە، وادەبێ دەستی ئەم وئەو دەبرێ و رووزەردی بەسەرخۆیا دێنێ ، وا دەبێ لەرێیەکی حەرامەوە کاردەکات، وادەبێ خۆی بە کوشت دەدات، یا دەبێتە کوتەکی دەستی زاڵمێك و لەپێناوی تاغووتا خۆی بەکوشت دەدات و دەچێتە ئاگری جەهەننەمەوە، ئەگەر لێی دەپرسی: بۆچ کاری وادەکەیت؟ دەڵێ ئاخر منداڵەکانم!!

بەڵێ، خوا باوکیشی ئاوا بۆ رام کردووین، بەوجۆرە هەوڵمان بۆ دەدات، و خۆی سەخڵەت دەکات، تا نانمان بۆ پەیدا بکات،و برسی و رەش و رووت نەبین..

باوك ودايك ئەم هەموو زەحمەتەمان بۆ دەكيشن ئەم هەموو رەنجەمان لەگەڵ دەدەن بۆيە خواى بالآدەست دەفەرمویٚ: (فَلا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ، وَلا تَنْهَرْهُمَا، وَقُلْ لَهُمَا قَوْلا كَرِيمًا)() هەرگيز لەوەلآمی قسەياندا پێيان نەڵێن: ئۆف!! و رووويان لێ تاڵ نەكەن و بەرووياندا هەڵ نەشاخێنەوە.

هەروەها پێغەمەرى خۆشەويستمان صلى الله عليه وسلم باسى گوناهە گەورەكانمان بۆ دەكات، ئەو گوناهانەى كردەوەى موسڵمان لەناو دەبەن، يەكێكيان ئازاردانى دڵى دايك و باوكە, ئەوەتە دەفەرمویٚ پێتان بڵێم گەورەترين گوناهى گەورە چييە؟ گوتيان بەڵێ, ئەى پێغەمەرى خوا, فەرمووى: هاوەڵ بۆ خوا دانان لە پەرستنا و ئازاردانى دڵى دايك و باوك. (عَنْ أَبِي بَكْرَةَ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: أَلا أُخْبِرُكُمْ بِأَكْبَرِ الْكَبَائِرِ؟ قَالُوا: بَلَى، يَا رَسُولَ اللَّهِ! قَالَ: الإِشْرَاكُ بِاللَّهِ، وَعُقُوقُ الْوَالِدَيْنِ.)()

گوتم: تا نوتفەين وپاشان كۆرپەڵە و ئينجا ساواين ئاوەها خودا دايكمانى بۆ رام كردوين و خزمەتمان دەكات، كاتێ گەورەتر دەبين خوا ئاوەها باوكمان بۆ رام دەكات تا نان و بەرگ و جێمان بۆ پەيدا بكات و بمان ژيينێ.

## رام بوونى بوونەوەر:

زياد لەمانە خوا هەموو ئەم بوونەوەرەى بۆ ئيمە رام كردووە تا ئێمە بتوانين بەباشى بژين..

گوتى: چۆن؟

گوتم: خۆر و مانگ و زەوى، و شەو ورۆژ و ئاو وهەوا و رووەك و كەژو كێو وچاوگەو دەرياو...تاد.

گوتی: ئەکرێ زیاتر روونی بکەیتەوە؟..

**خــۆر:**

گوتم: بۆچ نا.. برای بەڕێزا! هەروەك خۆت دەزانی زانایان دەڵین: خۆر نزیکەی نەوەدو سێ ملیۆن میل لەئێمەوە دوورە، لەگەڵ ئەوەدا وەك رادیۆکان باسی دەکەن سەد و پەنجا کەس لە وڵاتی هیندا بە هۆی گڕەی گەرماوە گیانیان لەدەست داوە و مردوون. دارستانێکی گەورە لەوڵاتی جەزائیردا گەرمای خۆر سووتاندی، ئەگەر ئەم خۆرەی خۆمان بیست ملیۆن میل لەئێمەوە نزیکتر بوایە سەر زەوی چی بەسەر دەهات؟!

گوتی: هەمووی دەسووتا و خەڵکەکەش بەجارێ لەناو دەچوون، و ئەگەر لە بیاتی نەوەد و سێ ملیۆن میل سەد و سیانزە ملیۆن میل دوور بوایە سەرزەوی چی بەسەر دەهات؟

گوتی: نازانم بڵێم چی؟ بەڵاَم ئێستا کە نەوەد و سێ ملیۆن میل لێمانەوە دوورە لای باکوور و باشووری زەوی بووەتە سەهۆڵ بەنان، بەستەڵەکی باکوور و باشووری پێك هێناوە، ئەگەر بیست ملیۆن میلی تر دور بۆایە حەتمەن بەشی زۆری سەرزەویش دەی بەست و دەبووە سەهۆڵ و بەستەڵەك و ژیانی تیا زەحمەت دەبوو..

گوتم: دەی دوور بوونی خۆر لەوجێ دیاریکراوەی خۆیدا و بەو ئەندازە دیاری کراوە لەبەر ژیانی ئێمە نەبێ لەبەر چی ترە؟!

بەڵێ، خوا ئەم خۆرەی ئاوەها بۆ رام کردووین و لەو خولگە دیاری کراوەیا دایناوە، تا سوودمان پێ بگەیەنێ، نە زۆر نزیك بێ لێمانەوە تا بسووتێین، و نەزۆر دووریش بێ تا سەرما رەقمان بکاتەوە!!

## مانگ:

هەروەها مانگ نزیکەی دوو سەد و چل هەزار میل لەئێمەوە دوورە، ئەگەر نیوەی ئەوە دوور بوایە هەموو سەر زەوی دەبوە ئاو و ئەندازەیەکی زۆرکەم نەبێ وشکانیمان دەست نەدەکەوت، خۆ ئەگەر دوو ئەوەندە لێمانەوە دوور بوایە لاگوێلێ ئاوی شیرینمان دەست نەدەکەوت بیخۆینەوە!!

گوتی: بۆچ؟

گوتم: ئەی لەبیرت چووەتەوە کە هەڵکشان وداکشان (المد والجزر)ی ئاوی دەریاکان بەهۆی هێزی کێشندەی مانگەوەیە؟

ئێستا دەزانی خۆا چۆن مانگی بۆ رام کردووین چ جای جوانی و رووناکییەکەی ئەو هاوکێشە گرنگەشی بۆ دروستکردوین لەئاوی دەریاو چاوگە کاندا!!

گوتی: بەراستی ئێمە کاتی خۆی ئەم مەسەلە زانیاریانەمان لە مەکتەبا خوێندووە بەلاَم هەر گیز ئاوەها نەبوەتە هۆی دامەزراندنی باوەڕ بەخوا و سوپاسگوزاری کردنی لەسەر ئەو هەموو نیعمەتە گەورانەی کە بەئێمەی مرۆڤی بەخشیوە!!

## سووڕانەوەی زەوی:

یەکێکی تر لە نیعمەتەکانی خوا سووڕانەوەی زەوییە بەدەوری خۆیدا و دروسبونی شەو ورۆژە، ئەگەر تیژی سوڕانەوەی زەوی دو ئەوەندەی ئێستای بوایە، دەزانی شەومان شەش سەعات ورۆژیشمان شەش سەعات دەبوو، ئەگەر نیو ئەوەندەی ئێستا سووڕانەوەکەی تیژ بوایە لەبیاتی بیست و چوار سەعات

شەو و رۆژمان چل و هەشت سەعات دەبوو، بەرۆژا هەموو شتێکمان دەسووتا و ئەوەشی بمایەتەوە لەشەوا سەرما دەیبردا!!

## کەژ وکێوەکان:

لەکاتی سووڕانەوەی زەویدا ئەگەر ئەو کێوانە لەنگەری زەوییان نەگرتایە، هەر چی لەسەر زەویدا هەبوو پەرت و بڵاو دەبوەوە، و لەنگەری زەوی تێك دەچووا!!

## پەردە هەوایی:

هەروەها ئەو پەردە هەواییەی کە بەدەوری زەویدا هەیە تۆ دەزانی خوا بۆی کردووینەتە چ پارێزەرێکی بەهێز تا لەمەترسی گڕی ئەو نیازکانەی دەکشێن و دەکەونە سەر زەوی بمان پارێزن!!

## ئۆکسجین:

ئەو پەردە هواییەی بەدەوری زەویدا هەیە هەروەك دەزانی رێژەیەکی دیاری کراوی بۆ ئەوەیە ئێمەی ئادەمیزاد و ئاژەڵ و پەلەوەرەکانی پێ بژی، ئەو برە هەوایەش پێی دەگوترێ: ئۆکسجین، رێژەی ئەم ئۆکسجینە لەهەوادا نزیکەی بیست و یەك لە سەدە، لەو رۆژەوە ئادەمیزاد لەسەر ئەم زەوییە دەژی تا ئێستاش هەر لێی هەڵدەمژێ، جگە لەو هەموو گیاندار و باڵندانەی تر، کەچی تا ئێستا کەم نەبووە و نەگۆڕاوە.!! لەگەڵ ئەوەدا ئەم هەوایە لەهەناسە دانەوەدا دەبێتە گازێکی کوشندە، کەپێی دەگوترێ: دووەم ئۆکسیدی کاربۆن!!  رۆژێك ئەوە هاتووە بە خەیاڵماندا کەبپرسین: چۆن ئەم رێژەیە نەگۆڕاو نەبوە ژەهرێکی کوشندە؟!

گوتی: ئەوی راستی بێ من بیرم لەم شتانە نەکردۆتەوە!!

گوتم: نەك هەر تۆ بەڵکو بەشی هەرە زۆری خەڵکی سەرنجیان نەداوە، تا هەست بەو نیعمەتە گەورەیەی خوا بکەن!!

هەروەك دەزانی بە هەڵمژینی ئۆکسجین ئێمەی ئادەمیزاد و ئاژەڵ و باڵندە دەژین، وە گژو گیا و روەك و درەختیش بە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن دەژین، ئۆکسجین بۆ ئەوان ژەهرێکی کوشندەیە، بۆیە ئەوان خۆیانی لێ رزگار دەکەن و بۆ ئێمەی دەنێرن و ئێمەش بەدیاری لێیان وەردەگرین، و ئیمەش خۆمان لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن رزگار دەکەین و بەدیاری بۆ ئەوانی دەنیرین تا پێی بژین.. بەم جۆرە رێژەی ئۆکسژینەکە بە پارێزراوی دەمێنێتەوە و لە چەپەڵ بوون رزگاری دەبێ, و هەردوو لایش لە ژەهری کوشندە رزگاریان دەبێت، و بۆ هەردوولاش دەبێتە مایەی ژیان!! خوا ئەم ئاڵ و گۆڕەی دروست کردووە، و ئاوها ئۆکسژینی بۆ ئێمە رام کردووە تا ئێمە بتوانین بژین!!

ئەم ئۆکسژینەی باسمان کرد کە رێژەکەی لەناو هەوادا 21% خۆی دەسووتێ و یارمەتی سوتاندنیش دەدات، بەلاَم نایترۆجین ناسووتێ و یارمەتی سوتانیش نادات، دەی ئەگەر لەجیاتی ئەو 21% رێژەی ئۆکسجین 78% حەفتاو هەشت لە سەد بوایە بەیەك گڕی شقارتە هەموو دنیا دەسووتا!!

ئایا دیاریکردنی گازەکان بەم رێژەیە بۆ ئەوە نییە کەئێمە بتوانیین لەم سەر زەویەدا بژین؟! ئایا ئەمە رام کردنی بوونەوەر نییە بۆ ئێمە؟

گوتی: بەرێ وەڵلا، بەڕاستی نیعمەتی خوا زۆرن با نیعمەتی ژیری و هۆش وبینین وبیستن و...تاد بوەستن!!

گوتم: ئێستا بۆت روون بووە وە کەچۆن خوا باوك ودایك و ئاسمان و زەوی و هەموو بوونەوەری بۆ ئێمە رام کردووە؟! هەروەك خۆی فەرموویەتی:( وَسَخَّرَ لَكُمْ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ، وَالنُّجُومُ مُسَخَّرَاتٌ بِأَمْرِهِ، إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَعْقِلُونَ)(النحل/١٢) خوا شەو و رۆژ و خۆر و مانگی رام(مسخر)کردووە بۆتان، وە بەفەرمانی ئەو ئەستێرەکانیش رام کراون، بێگومان لەرام کردنی ئەواندا چەندەها نیشانە و رێنموونی هەیە بۆ ئەوانەی هۆشیان هەبێ و ژیرییان بەکاربێنن!!

وە هەروەها فەرموویەتی: (وَسَخَّرَ لَكُمْ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا مِنْهُ إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ)(الجاثية/١٣)خوا لەلایەن خۆیەوە هەرچی وا لەئاسمان و زەویدا بۆ ئێوەی رام کردووە!! بێگومان لەو رام کردنەدا نیشانە گەلێ بۆ گەورەیی و دەسەڵاتی خوا هەیە بۆ قەومێك بیربکەنەوە.

خوایەك بەو هەموو دەسەلآت و تواناییەوە ئەوەند رێزی لە ئێمەی ئادەمیزاد گرتبێ، وە سەرانسەری ئەم بوونەوەرەی بۆ ئێمە رام کردبێ، و ئەم هەموو نیعمەتانەی پێمان دابێ، و ئەو هەموو چاکانەی لەگەڵمانا کردبێ، داوای کارێکمان لێ بکات و بڵێین: نایکەین؟! وە شتێکمان لێ قەدەغە بکات و داوامان لێ بکات نەیکەین، بڵێین: لە داخی تۆ ئەیکەین؟! موستەحەقی ئەوەنین ئەو جەهەننەمەمان بۆ بسازێنی؟!!

گوتی: بەرێ وەڵلا، بەراستی ئێمە بەرامبەر پەروەردگارمان کەمتەر خەمین، ئێستا من گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە سەگ لە ئێمە زۆر بە ئەمەکترە، ئەوەتە ئەگەر یەکێك پارچە نانێکی پێ بدات، تائێوارە بە دەوریا دێت و کلکە لەقێی بۆ دەکات و دەیەوێت بەوە سوپاسگوزاری بکات و بە ئەمەکی خۆی بۆ پیشان بدات!!

ئینجا هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: مامۆستا! دەبێ خوا تەوبەو پەشیمانیمان لێ وەربگرێ؟!

گوتم: برای خۆم! دەرگای تەوبە ئاوەلاَیەو خوا قاپی پەشیمان بوونەوەی دانەخستووە، ئەوەتە دەفەرموێ( قُلْ: يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ! لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ.)() بڵێ: ئەی بەندەکانی خۆم! ئەی ئەوانەی لەسنوورەکانی خوا تێپەڕیون وستەمیان لە خۆیان کردوە و فەرمانی خوایان پشت گوێ خستووە، لەرەحمەتی خوا هیوا بڕاو(مەئیوس)مەبن، بێگومان خوا لەهەموو گوناهێك خۆش دەبێ، بەڕاستی ئەو لێبوردەو دلۆڤانە..

تەنیا گوناهێ لێ بوردنی نەبێ هاوەڵ پەیدا کردنە بۆ خوا، کەسێك هاوەڵ بۆ خوا دابنێ َو شتێکی تر جگە لەخوا بپەرستێ و بێ تۆبە لەسەر ئەوحاڵە بمرێ ئەوە لێ بوردنی بۆ نییە، دەنا هەر گوناهێکی تری کردبێ، و باوەڕی بەخوا هەبووبێ، و تەوبەشی نەکردبێ، ئەوەی خوا خۆی بییەوێت لەگوناهی خۆش دەبێ،( إِنَّ اللَّهَ لا يَغْفِرُ أَنْ يُشْرَكَ بِهِ، وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَلِكَ لِمَنْ يَشَاءُ)().

وە هەروەها خوا خۆی دەفەرموێ: (وَمَنْ يَعْمَلْ سُوءًا أَوْ يَظْلِمْ نَفْسَهُ، ثُمَّ يَسْتَغْفِرْ اللَّهَ يَجِدْ اللَّهَ غَفُورًا رَحِيمًا)()ئەوەی کردەوەی خراپە بکات، یاستەم لەخۆی بکات، پاشان داوای لێ بوردن لەخوا بکات، خوا رەحمی پێدەکات و لێی خۆش دەبێ.. هەروەها لەبارەی رەحم و لێ بوردەیی خواوە پێغەممەر صلی الله علیه وسلم نموونەیەکی بۆ باس کردووین و فەرموویەتی: ( لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ، حِينَ يَتُوبُ إِلَيْهِ، مِنْ أَحَدِكُمْ كَانَ عَلَى رَاحِلَتِهِ بِأَرْضِ فَلاةٍ، فَانْفَلَتَتْ مِنْهُ وَعَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ، فَأَيِسَ مِنْهَا فَأَتَى شَجَرَةً فَاضْطَجَعَ فِي ظِلِّهَا، قَدْ أَيِسَ مِنْ رَاحِلَتِهِ فَبَيْنَا هُوَ كَذَلِكَ، إِذَا هُوَ بِهَا قَائِمَةً عِنْدَهُ، فَأَخَذَ بِخِطَامِهَا، ثُمَّ قَالَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ: اللَّهُمَّ! أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ، أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ.)()

پیاوێك بەخۆی و ئەسپەکەیەوە لەکاروانییەکدا بە دەشت و بیابانێکدا دەڕوات، ڕێگایەکی زۆر دەبڕێت و ماندوو دەبێ، دەڵێ: باخۆم کەمێ پشوو بدەم و ئەسپەکەیش کەمێ بلەوەڕێت. ئەسپە کەی بەرەڵاَ دەکات و خۆیشی لەبن درەختێکا سەر وەنەوزێك دەشکێنێ، کەخەبەری دەبێتەوە ولاَخ دیار نییە، هەموو خواردن و خواردنەوەیشی بەسەر ئەسپەکەوەیە، ئەوەند دەگەڕێ بەشوێنیا تا تەواو ماندوو دەبێ، لەئەسپەکەی هیوابڕاو دەبێ، و دەچێتە سێبەری درەختێکەوە و رادەکشێ، بەونیازە خەوی لێ بکەوێ و بمرێ. کەخەبەری دەبێتەوە ئەسپەکە بەهەموو بارو بنەیەوە بەسەر سەریەوە وەستاوە، لغاوەکەی دەگرێت و سوپاسی خوا دەکات، لەتاو خۆشی خۆی زمانی هەڵە دەکات و لەجیاتی ئەوەی بڵێ خوایە! تۆخوای منی و من عەبدی تۆم، دەڵێ: خوایە! تۆ عەبدی منی و من خوای تۆم!

ئەو ئینسانە چەند بەگەڕانەوەی ئەسپەکەی شادمانە، خوا بە تەوبەی عەبدی خۆی شادمانترە!!

پاش ئەوە گوتم: دەزانی بۆچ خوا شادمان دەبیّ؟

گوتی: نەخێر..

گوتم: تەنیا لەبەر ئەوەی ئێمە بەئاگری دۆزەخ نەسووتێین، دەنا خوا هیچ پێویستییەکی بەئێمە نییە.

گوتی: بەراستی خوا بەرەحمە!!

گوتم: با مژدەیەکی خۆشترت بدەمیّ..

گوتی: فەرموو..

گوتم: رەحمی خوا بیّ سنوورە، و بیّ ئەندازەش لێبوردەیە، ئەوەتە باسی ئەوانە دەکات کە هاوار لە غەیری خوا دەکەن و ئینسان بەناهەق دەکوژن و زینا دەکەن ئەوانە لە رۆژی قیامەتا تۆڵەیان لیّ دەسەنریّ، و سزایەکی سەختیان دەدرێت، و بە زەلیلی لە دۆزەخدا دەمێننەوە، مەگەر ئەوەی تۆبە بکات و ئیمان بێنیّ و کردەوەی چاکە بکات، ئەوانە خوا خراپەو گوناحەکانیان بۆ دەگۆڕیّ بەچاکە:" وَالَّذِينَ لا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ، وَلا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلاَّ بِالْحَقِّ، وَلا يَزْنُونَ، وَمَنْ يَفْعَلْ ذَلِكَ يَلْقَ أَثَامًا، يُضَاعَفْ لَهُ الْعَذَابُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَيَخْلُدْ فِيهِ مُهَانًا، إِلاَّ مَنْ تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ عَمَلاً صَالِحًا، فَأُوْلَئِكَ يُبَدِّلُ اللَّهُ سَيِّئَاتِهِمْ حَسَنَاتٍ، وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَحِيمًا"(). خوا لیّ بوردەو دلۆڤانە.

گوتی: بەراستی حەقی مژدانەت هەیە، مزگێنی هەروا دەبیّ!! جگە لەوە کە خوا دەی بەخشیّ گوناهەکانیشی بۆ دەگۆڕێت بە

چاکە!! بەە..بەە.!! مامۆستا گیان! بە یارمەتی خۆت، من تا ماڵ خۆمان دەچم و دێمەوە..

گوتم: فەرموو..فەرموو..

# # #

پاش ماوەیەك گەڕایەوە گوتی: مامۆستا! خۆم پاك شۆردووە و دەستنوێژم گرتووە، هەروەك دەبینی جل وبەرگەکانیشم گۆڕیوە!!

گوتم: برا! وادیارە پێش ئەوەی جل و بەرگەکانت بگۆڕیت دڵ و دەروونت گۆڕیوە!!

گوتی: ئەوەش خوا دەزانێ.. بەلاَم نیازم وایە ئەگەر خوا لێم وەربگرێ. مامۆستا! تۆ بەشاهێد بە: بڕیاربێ جارێکی تر نەگەڕێمەوە سەر گوناهەکانی لەوەپێشم!! ئینجا دەستی بەرز کردەوە و بە پاڕانەوەوەو دەم بەگریانەوە دەیگوت: خوایە! خۆت ئاگاداری بەکۆڵێ گوناهـ و تاوانەوە بۆلای تۆ گەڕامەوە، پەنام بە قاپی رەحمەتت هێناوە، تۆیش پەنام بدە و لێم خۆش ببە، و تەنیا تۆ دەتوانی لەگوناهەکانم خۆش ببیت، دەرگای میهرەبانی خۆتم لێ دامەخە!!

منیش پیرۆزباییم پێگوت، وخۆشحاڵی خۆم بەو هەنگاوە پیرۆزەی دەربڕی..

ماوەیەکی تر دانیشتین و قسەی زۆرمان کرد، تا لە بوڵند گۆی مزگەوتەکانەوە دەنگی ئەڵلاهو ئەکبەر بەرز بووەوە، هەستاین دوو رکات نوێژی بەیانیمان بە جەماعەت دابەست، لە رکاتی یەکەمدا پاش خوێندنی سورەتی فاتیحە چەند ئایەتێکم لە

سوورەتی (الزمر)خوێند، کە لەبارەی لێ بوردەییەوە خوا دەفەرموێ:" قُلْ: يَاعِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنْفُسِهِمْ! لا تَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللَّهِ، إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعًا، إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ، وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُمْ وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمْ الْعَذَابُ ثُمَّ لا تُنْصَرُونَ، وَاتَّبِعُوا أَحْسَنَ مَا أُنْزِلَ إِلَيْكُمْ مِنْ رَبِّكُمْ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَأْتِيَكُمْ العَذَابُ بَغْتَةً وَأَنْتُمْ لا تَشْعُرُونَ،أَنْ تَقُولَ نَفْسٌ: يَاحَسْرَتَا عَلَى مَا فَرَّطْتُ فِي جَنْبِ اللَّهِ وَإِنْ كُنْتُ لَمِنْ السَّاخِرِينَ، أَوْ تَقُولَ: لَوْ أَنَّ اللَّهَ هَدَانِي لَكُنْتُ مِنْ الْمُتَّقِينَ، أَوْ تَقُولَ حِينَ تَرَى الْعَذَابَ: لَوْ أَنَّ لِي كَرَّةً فَأَكُونَ مِنْ الْمُحْسِنِينَ!"().

واتە: بڵێ: ئەی عەبدانی من ! ئەی ئەوانەی ستەمیان لەخۆیان کردووە! لەرەحمەتی خوا هیوابڕاو و مەئیوس مەبن، بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکان خۆش دەبێ، بەڕاستی ئەو لێبووردەو دلۆڤانە! پێش ئەوەی سزا بدرێن و یارمەتیتان لێ قەدەغە بکرێ بۆلای پەروەردگارتان بگەڕێنەوە، و گوێرایەڵی فەرمانی بن، شوێن جوانترین نێراوی پەروەردگارتان بکەون، پێش ئەوەی بەخۆتان نەزانن و ناکاو سزاتان بۆ بێت، ئەوکاتە ئەوەی فریای خۆی ناکەوێت ئەڵێ: ئەی داخی بەجەرگم! ماڵی وێرانم!! چۆن لەگوناهەکانا زیادە رەویم کرد، و لەپەرستنی خوادا نکوولی و تەقسیرم کرد!! لەوەپێشیش گاڵتە ولاقرتێم بە ئیمانداران دەکرد!! یا دەڵێ: ئەگەر خوا هیدایەتی بدامایە منیش لە ریزی پارێزکار و لەخواترسانا دەبووم!! یاکاتێ سزای دۆزەخ دەبینێ دەڵێ: ئەگەر جارێکی تر بواری گەڕانەوەم بۆ دنیا هەبێ منیش لەریزی جوانکارانا دەبم!!

چونکە عەرەبییەکی باشی دەزانی و لەواتای ئایەتەکان حاڵی دەبوو، هەستم دەکرد وەك سەماوەر لەناوەوە دەکوڵاَ و هەنسکی گریانی دەدا.

ئەو رکاتەمان تەواو کرد و لەرکاتی دووەما پاش سورەتی ئەلحەمد سورەتی(ئینفیتار)م خوێند، کە گەیشتمە ئەو شوێنەی خوا دەفەرموێ:" يَا أَيُّهَا الإِنسَانُ مَا غَرَّكَ بِرَبِّكَ الْكَرِيمِ {6} الَّذِي خَلَقَكَ فَسَوَّاكَ فَعَدَلَكَ {7} فِي أَيِّ صُورَةٍ مَّا شَاء رَكَّبَكَ!" ()

واتە: ئەی ئادەمیزاد! چی وای لێکردوویت سەرکەش ومەغروور ببیت، ولەفەرمانی خوای بەخشندەی خۆت یاخی ببیت؟! ئەو خوایەی لەجوانترین شێوەدا دروستی کردوویت و رێك وپێکی کردوویت، و لەهەر وێنەیەکدا ویستبێتی پێکی هێناوی؟!

هەستم دەکرد بە کوڵ بۆ خۆی دەگری، سوژدەی یەکەممان تەواوکرد و سەرمان بەرزکردەوە، لە سوژدەی دووەمدا من سەرم بەرزکردەوە ئەو سەری بەرزنەکردەوە، من تەحیاتم خوێندو سلاَوم دایەوە، ئەو هەرسەری بەرز نەکردەوە، کە دەستم دایەو سەرم بەرزکردەوە دیتم بەرەحمەتی خوا رۆیشتووە و گیانی پاکی بەخوای خۆی سپاردووە!! هیچم لەدەست نەهات جگە لەوە کەبڵێم: ( إِنَّا لِلّهِ  وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ) () ئێمە هەموو موڵکی خواین و هەر بۆلای ئەویش دەگەڕێینەوە..

# # #

**چەند خاڵێك لەم ڕووداوەدا:**

یەکەم: ئەوە دەگەیەنێ کە دڵەکان کلیلی تایبەتیان هەیە تا کلیلی خۆیان نەبێ ناکرێنەوە.. وەك زانایەکی پایە بەرز- بەرەحمەت بێ- گوتی: ئەم دلآنە وەك شەپۆلی رادیۆن، هەرچەند گۆی بەکرەکە بسووڕێنیتەوە تا نەکەوێتە سەر شەپۆلی دیاری کراوی خۆی قبووڵی پێشوازی ناکات، و ئێزگەی دڵخواز وەرناگیرێ.. لەوانەیە چەندەها جار بەسەریاو بەلایا تێپەڕیبێ و وەری نەگرتبێ، زۆر هەستیارە، بۆیە لەگەڵ گەڕاندنی بەکرەکەدا وردەکاری دەوێ، تا بیگرێ و پێشوازی لێبکات..

دووەم: ئەوانەی لەرواڵەتا سەرگەردانن موسڵمانی بانگخواز لێیان ناهۆمێد نەبێ، چونکە لەوانەیە بەدوو قسەی خێری تۆ رێی راست بپێکی و بۆ هەمیشە لە ئاگری دۆزەخ رزگاری ببێ..

سێهەم: فەرموودەکەی پێغەمەرمان بیردێنێتەوە کە فەرموویەتی: هی واهەیە لە رواڵەتا کردەوەکانی کردەوەی جەهەنەمیانەیە، تا گەزێکی بۆ جەهەننەم دەمێنێ، نامەی کردەوەی لێ پێش دەکەوێت{واتە خوا دەزانێ کە لەفلآنە کاتدا پەشیمان دەبێتەوەو تەوبەدەکات، لە لەوحول مەحفوزدا نووسیویەتی، کە} کردەوەی بەهەشتیانە دەکات و دەچێتە بەهەشتەوە." وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ، حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا ". ()

**چوارەم**: لەوانەیە هەندێ کەس بڵێن: ئادەمیزاد هیچ هەڵبژاردن و ئیختیارێکی نییە، خوا خۆی کارەکان دەکات، و رێکیان

دەخات، دەنا ئادەمیزاد هیچ دەسەلاَتێكی نییە!! لەوانەیە ئەم رووداوەش بە نموونە بێننەوە!!

بەلاَم ئێمە لەوەلاَمدا دەڵێین: ئیمان وباوەڕمان بەوە هەیە كە هیچ شتێ لەم بوونەوەرەدا بەبێ ئاگاداری خوا روونادات..

وە باوەڕیشمان وایە كە خوا ویستی رەها(موتلەق)ی هەیە، و بییەوێ هەرشتێ بكات كەس نییە بتوانی بەرگری لێ بكات.

هەروەها باوەڕیشمان بە دادگەری رەهای خوا هەیە و بەئەندازەی بچوكترین گەردیلە ستەم ناكات، بەلاَم دەبێ ئەوە بزانین كە خوا هیدایەتی كەسێك دەدات هیدایەتی بوێت..

ئەمانە هەموو بخەرە لایەكەوە، لەلایەكی ترەوە ئەگەر ئەم پیاوە خۆی ویست وئیرادەی نەبوایە كەس بەزۆر نەیدەهێنا.

ئەگەر خۆی دڵی بە قورئانەكە نەدایە، كەس بەزۆر ملی نەدەگرت و بیهێنێ گوێی پێ بگرێ..

كەوابوو دەتوانین بڵێین: تا ئێستا بوارێكی وای بۆ رێ نەكەوتووە كە بەویستی خۆی بگاتە ئەنجام، لەوانەیە دراوسێی باشی نەبووبێ، هاورێی باشی نەبووبێ، پەروەردەكەری خاسی نەبووبێ، ئامۆژگاری كەری دڵسۆز و تێگەیشتووی نەبووبێ..

ئەوەتە كە ئەو هەلەی بۆ هەڵكەوت هات بە دەمیەوە و قبووڵی هیدایەتی كرد و خوایش هیدایەتی دا..

داواكارین خوا بە میهرەبانی خۆی عاقیبەت خیرمان بكات..

# # #

(١١)

# شاجوانى ئوسترالیا

## خوا هیدایەتی دا

سارا خان

گەشتە ئیمانییەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە؟

سارا هەروەك خۆی بۆمان دەگێڕێتەوە، بەلاَم بەزمانی ئێمە.. چونکە -رەحمەتی خوای لێ بێ - عەرەبیەکەی زۆر (لاواز)بوو، ئێمەش هەوڵ دەدەین ژیانی سارا چۆن بوو، ئاوەها بەهەموو کەسێکی بگەیەنین. چۆن بۆ ماوەی تەنیا سێ هەفتە لە گەڵ باوەڕا ژیانی راستەقینەی بردەسەر.. تا گیانی پاکی بەرەو بارەگای پەروەدگاری پەروازی کرد..

ئەمە چیرۆکەکەی ژیانیەتی و لەخواش داواکارین بیگەیەنێتە دڵی هەرکەسێك کە ئەیەوێ بەرەو رێی راستی پەروەردگاری بگەڕێتەوە.. رێگا لەبەردەمیا ئاوەلاَیە، و ئەویش رێی حەققی لێ بوردەیی، و میهرەبانییە، سوبحانەهو وەتەعالا..

ئەمە چیرۆکەکەی منە.. من سارام.. و بەلاَم ئایا کەسێك هەیە بیری لێ بکاتەوە؟ ئایا کەسێك هەیە پەندی لێ وەربگرێ ؟

**چیرۆکەکە:**

وابزانم ئەمە دواین جارە لەم گۆشەو کەنارە ئارامەوە (لە مزگەوتەکەوە) پێنووس بەدەستەوە بگرم تا ... بنووسم..

سەرەتا لەوێوەیە.. لەلوبنانەوە.. لەبارەی منالێمەوە زۆرشتم وەبیرنایە.. ماڵ باپیرەم.. خۆمان.. خزمان.. لە قوتابخانە لەگەڵ موسڵمانەکاندا دەرۆیشتمە ( وانەی ئاین) هوە، لەماڵەوەش دایکم خاچێکی گەورەی بەژوور جێگەکەمەوە هەڵواسیبوو.. من ئەمزانی کە موسڵمانم( ) بەلاَم بێ ئەوەی بزانم ئیسلام یەعنی چی..

کاتێ لە(ئوستراليا) دابەزين زۆر بەختەوەربووم، منداڵێك لە تەمەنی دەساڵیدا خۆی لەگۆڕەپانێکی بەربلاَوی جوانی پێشکەوتوودا دەبینێتەوە، لەناو جوانی سروشتا تۆوی هەرزەکاریم دەستی بە سەوزبوون دەکرد، قەشەنگی و پێکەوتوویی و بگرە توانای کەمەندکێشیی خۆیشم دەدۆزییەوە، لاوانی جەحێڵ هەریەکە لەلایەکەوە ئاواتە خوازبوو بێتە هاوەڵم، و پلەی رەزایەتمەندیم بەدەست بێنێ.. جوانییەکەم چەکێکی کارا بوو، بەهۆیەوە هەرچیم بویستایە بەدەستم دەهێنا، جگە لەخێزان..

باوکم لەدایکم جیابوەوە، و هەریەکەیان لەگەڵ یەکێکی ترا جووت بوو، پاشان هەردوکیان رۆیشتن و بەتەنیا جێیان هێشتم، تاماوەیەکیش هەستم بە تەنگیەك دەکرد کە بە دەوری دڵمەوە ئالاَ بوو، بەلاَم پاشان لەدەروونی خۆمدا تەکاندم، و ژیانی راستەقینەی خۆمم دەست پێکرد..

منیش قوتابی زانکۆ بووم، وبۆئەوەی ژێواری خۆم بەدەست بێنم، دەبوو کارم بکردایە، جوانییەکەیشم کلیلێك بوو بۆ کارگەلێکی زۆر، ئەو چەند وشە عەرەبیە کەمەیشم کەدەزانی نازو ناسکیەکی پێ دەدام کەلای کیژە ئوسترالییەکان نەبوو، لەناو ئەو لاوانەدا کەوەك پەروانە بەدەورمدا تەوافیان دەکرد و دەسووڕانەوە، لاوێکم هەڵبژارد کەهاوەڵم بێ، لەگەڵ خەڵفە لاوێکی پێکەوتوودا بووینە هاوەڵ، و پێکەوە دەژیاین.. لەراستیدا هاوەڵ و خۆشەویست و دۆستم بوو، لەتەکیا هەستم بە هاوکاری و هاوبەشی دەکرد..

شەوێکیان یەکێ لەمشتەرییەکانی ئەو بارەی کە من کارم تیا دەکرد پێشنیارێکی کرد کە: بڕۆمە پێشبڕکێی ناوچەیی شای جوانیەوە (مەلەکە جەمال)، لەیەکێك لە شارەکانی نیوزیلەندە(١). مشتەرییەکە زۆر لە سەرکەوتنم دڵنیابوو، منیش کەوتمە بیرکردنەوە لەو بارەوە، خۆ ئەگەر بێت و سەرکەوتووبم، رێی رۆیشتنە ناو پێشبڕکێی نیشتمانیم بۆ خۆش دەکات، و پاشان تاجی جیهانیش لەسەر دەنیم، کێ دەزانی؟ بیرۆکەیەکی درووشان ئەنگێز بوو، منیش سوپاسێکی زۆری پیاوەکەم کرد، تادەهات ئەویش جەختی زیاتری دەکرد کە ئەو لەش و جوستە جوانە شیاوی ئەوەیە تاجی شاهیی و نیشانەی مێینەیی وخۆشەویستی جیهان لەسەربنێ ..

رۆیشتمە پێشبڕکێکەوەو سەرکەوتنم تیا بەدەست هێنا، بوومە بەناوبانگترین کیژی ناو شارەکە، هەموو شەو و رۆژێکم جەنجاڵ بوو، دیمانەیان لەگەڵا ساز دەدام، خەڵکی زیاتر دەیان ویست لێم نزیك ببنەوە، هەموو کەس ببوە هاوڵم، منیش بەردەوام لە رابواردن وخواردنەوەو چێژ وەرگرتن بووم لەهەموو لەزەتێکی بۆلواو و بۆ نەلواودا..

هەستم دەکرد ئەوەی من هەمە هەموان بەخیلیی پێ دەبەن، منیش زۆرم هەبوو، بگرە شتی زۆرتریش چاوەڕێی دەکرد، و دۆستەکەیشم هەمیشە لەتەکما بوو، کارگەلی جۆراو جۆرم ئەنجام دەدا، ئێستا تەنیا کیژە شاگردەکەی ناو بار نیم، بەڵکۆ سەرکەوتنم بۆ گرێ بەستی راگەیاندن و پڕۆپاگەندە بەدەست هێنا، و بوومە وێنە بەرگێکی درووشێنەرتر، وێنەگرەکان هونەریان بەکاردەهێنا لەدەرخستنی پێکهاتەی جوانییەکانی

جوستەم، و يارييان بە بارودۆخی ئەندامەکانی لەشم دەکرد، تا ئەوەی ببیینێ زیاتر پێی کەمەندکێش ببێ ، ماڵ وسامانی زۆر لەدەستما دەگەڕا..

ناوبانگەکەم رێی بۆ خۆشکردم تا کەسایەتییەکی زۆر لەناو کۆمەڵگادا بناسم، بەتایبەت کە گوڤارەکان لەبارەی منەوە زۆریان دەنووسی، کە ئەمە لەبنچینەدا عەرەبەو لوبنانییە، چەند بنەماڵەیەکی بە ڕەچەڵەك لوبنانی لە ئوسترالیادا پەیوەندییان پێوە کردم و زۆر رێزیان لێ گرتم، منیش لە پێکەوەبون لە تەکیانا شتی جوان و بگرە زۆر قەشەنگم دەبینی، کە لەشوێنانی ترا دەستم نەدەکەوت، لەگەڵ ئەوەدا کە ماڵەکان وخەڵکەکان زۆر لەیەکتر جیاواز نەبوون، لەوانەشە بەهۆی گولاَوی رابوردوو و بۆنی نیشتمانەوە بووبێ ..

خێزانە لوبنانیەکان هەندێکیان موسڵمان و هەندێکیشیان فەڵە بوون، بەلاَم من نە لەملا بووم و نە لەولا، وەنەبێ ئەوەش تەنگەلانییەکی بۆ وەدی هێنابم، هەرخێزانێك وای دادەنا کەمن بەشێکم لەوان، لەوانەیە لەبەر ئەوەش بووبێ کە ناوەکەم ناوێکی موسڵمانانەبوو، دایکیشم فەڵە.

## تیشکێک رووی لە دەروونم کرد:

ئایا ئەو رۆژە رۆژێکی راستەقینە بوو، یامن بەخەیاڵ تیایا دەژیام؟ من بۆ نان خواردنی ئێوارە لەماڵی لوبنانییەکی دۆستا بانگ کرابووم، ماڵەکە ماڵێکی موسڵمان بوون، لەیەك کاتا خۆشم دەویستن و رقیشم لێیان بوو! لەوانەبوو لەماڵە کەیاندا

بخنكێم، چونكه نهم دهتوانی دۆستهكهم لهتهك خۆما بهرم، لهگهڵ ئهوهدا زۆر ئاسوودهو مورتاح بووم لهناویاناو لهتهكیانا...

ئهوشهوه بهنیاز بووم ههرنانم خوارد خێرا ههستم و بگهڕێمهوه بۆلای خۆشهویستهكهم، بهڵێنم دابوویێ بهشهوێك لهشهوهكانی تهمهندا، پێم گوتبوو ههموو شتێ ئاماده بكات تامن دهگهڕێمهوه بۆلای..

لهسهر خوان دانیشتین و ئهوان لهبارهی لوبنان و گرنگی فێربوونی زمانی میللی و ئاگابوون لهههواڵهكانی نیشتمان وئهم بابهتانهوه قسهیان دهكرد، منیش لهبارهی ئهو شتانهوه هیچ بهگوێما نهدهچوو، بهڵكو تهنیا بهخهنده وهڵامم دهدانهوه، تابیرۆكهكهی خۆیان بسهلمێنن كهنالێكی تهلهفزیۆنی لوبنانیان له سهر سهتهلایت كردهوه، و لهبارهی بابهتهكانهوه قسه دهكرا، و پێكهنینی زۆر بهشوێنیانا بهلاَم من داخ وخهفهتم دهنۆشی، ههوڵم دهدا كه سهعاتهكهم بهرهو پێشهوه بهرم و زوو ههستم و بڕۆم..

بهرنامهكان لهسهر شاشهكه كاری دهكرد، منیش بهبێ گوێ تهماشام دهكرد، و بێ هۆشانه گۆێم لێ دهگرت، بهلاَم لهناكاو بێدهنگ بوونی دهوروبهرم وای لێكردم سهرنجی شاشهكه بدهم.. لاوێك قسهی دهكرد.. ئاوڕم بهلای هاونشینهكهما دایهوهو پرسیم ئهمه كێیه؟

گوتی: ئهمه عهمرو خالیده، بانگخوازێكه و لهبارهی ئاینهوه قسه دهكات.. بهگورجی بیرۆكهكه لهسهرم كهوته خوار، من و دین.. ئهمه چ دینێكه؟ من ئهمهوێ ئهم دانیشتنه شلهتێنه بهجێ بێڵم، و بۆ ئهو دهریا گهرمه بڕۆم، تهرجومهی وشهكان

لەعەرەبیەوە بۆ ئینگلیزی سەریەشەی بۆ دروستکردبوم، ئەم لاوە لەبارەی پاکییەوە دەدووا.. پاکیەتی.. ئەمە یەعنی چی؟ وشەیەکی نوێ و نامۆیە.. بیستنی لەسەر گوێم گرانە، باوەڕەکەی دەڵێی خۆم دەپێچمەوە، وەك ئەوە من رووت بم وئەو چاوی لێم بێ !! نەمدەزانی هۆی چیە، هەناسەم سوار ببوو، لێدانی دڵم خێرا تر ببوو، پاکیەتی (عیففەت).. ئەم واتایەم لەوەپێش نەبیستبوو، بەڵاَم پێم جوان.. خاوێن.. پاك.. بێ تاوانی بوو.. من وا نەبووم، من عەفیف نەبووم، بگرە من چەپەڵ و قیزەون بووم.. هەوڵم دا سەرم بتەکێنم و ئیزنیان لێ وەربگرم و هەڵبێم، بەلاَم شتێك بە جێگەکەمەوە دایکوتابووم، شتێك وای لێکردبووم تا کۆتایی گوێی لێ بگرم.. و بگریم.. و بگریم و دەنگی گریانم بەرز ببێتەوە، و بکەومە هەنسکدان و وایشم لێ بێت هەست بەهیچ و بە کەس نەکەم.. من گوناهبارێکی قیزەونم، نەدینم هەیە و نەپێناسە.. من جوستەیەکی سوك کراوم دوور لەشەرەف و لەعیففەت، من لە ئاگری دۆزەخا دەسووتێم، نەجوانیەکەم سوودم پێ دەگەیەنێ و نەخوایش بەوە لێم رازی دەبێ ، خودا !! بۆچ پێشتر تامی ئەم وشەیەم نەدەچەشت؟! بەلاَم ئێستا واتاگەلێکی قووڵ و گەورەو گرانی لەسەرزمان و ودڵ و گوێ هەیە..

ئەو شەوە نەمزانی چۆن گەیشتمەوە ماڵ، و کێیش لە ماڵەوەیە، تەنیا ئەوەندەم لەبیرە لەبەردەم کەمپیوتەرەکەما دانیشتم.. ئەدرەسی ئەو بانگخوازەم پێ بوو، بەشوێن ماڵپەڕەکەیدا دەگەڕام، و رۆیشتمە ناوەوە، بەردەوام بووم لە خوێندنەوەدا پیتەکانم لێ هەڵەبوو بۆم نووسیی: بۆ- گەورەترین برام- لەژیانما یەکەمین نامەیەکمە لەبارەی خواوە پرسیاری تیابکەم..

لەبارەی ئاینمەوە، لەبارەی پەروەردگارمەوە، لەبارەی ژیانمەوە.. بەهەموو شەرمێکەوە پرسیار دەکەم: ئایا لەوانەیە خوا تۆبەم لێ قبووڵ بکات و من ببمە موسڵمانێك؟

وا بەخەیاڵما دەهات کە هەر وەڵامیشم ناداتەوە.. بەچەند وشەیەکی کەم ناوەرۆکی خۆمم بۆ باس کردبوو، لەدڵی خۆما دەمگوت: لەوانەیە بەسووکم بزانێ و بێزم لێ بکاتەوە، ئەگەر وەڵامیشم بداتەوە لەوانەیە بنووسێ : تکایە جارێکی تر نامەم بۆ مەنووسە.. بەڵام وەڵامێکی دابوومەوە زۆر لەوە باشتر کە خۆم چاوەڕوانی بووم.

بۆی نووسیبووم، بەڵێ ، لەوانەیە کە خوا قبووڵت بکات، بگرە لەوانەشە بەبەهەشتیش شاد ببیت، و ببیتە موسڵمانێکی پاکی پاك داوێن، بۆیشی نوسیبوم وەنەبێ کەوا ئەڵێم لەڕوو دابمێنم، بەڵکو ئەمە ئایەتی قورئانە، و ئەمەش واتاکەیەتی:" لەرەحمەتی خوا هیوابڕاو مەبن، بێگومان خوا لەهەموو گوناهەکان دەبووری "(٢). فرمێسکەکانم ببونە چەك و تۆبەو پەشیمانیم.. ئاواتە خوازبووم بەردەوام گریابام، تا دەیشۆردم و پاکی دەکردمەوە، و دەنگێك لەئاسمانەوە پێی دەگوتم: بەڵێ ، وەرمان گرتی..

کەمپیوتەر بوەتە هاوەڵ و دۆستم، و نامەکانیشم بۆماڵپەڕەکەی تۆ بوەتە یارمەتیدەر و تۆیشووم، کاتێ کەژمارەی تەلەفونەکەی تۆم دەستکەوت، و تەلەفونم کرد، لەژیانما ئەوە یەکەمجار بوو گوێم لێ بێ یەکێك سەرەتای قسەکانی لە تەکما بەسەلام دەست پێ بکات، مەرحەبام بکات و بەو جۆرە خۆشحاڵی خۆیم بۆ دەرببڕێت.. ئەم هەموو نەرمی و خۆش مامەڵەییەم لەبارەی

دینەکەمەوە نەدەزانی.. هەستمکرد خێزانەکەت من بە کەسایەتییەکی زۆرگرنگ ناو دەبات، و واحاڵی بووم کە ئێوە چاوەڕوانی تەلەفونەکەی منن.. من.. لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەمنەوە روویداوە.. پێش ئەوەی خێزانەکەت گۆشیەکە بداتە دەستت ئارامی هەموو لەشمی داگرت، و گرێکانی زمانم کرانەوە..

کاسێتەکانی قورئانم پێ گەیشت، بەردەوام گوێیان لێ دەگرم، و گوێ بیستیان دەبم، تا دەنگی قورئان خوێنەکە دەگاتە هەموو گۆشەیەکی گیانم..و لەو سەرچاوەی بێ وشکبوونەوە ئارامی و بەختەوەری هەموو گیانم دادەگرێ ..

بۆ یەکەمجار لەژیانما دەستم بەقورئان لەبەرکردن کردوە.. سوورەتی عەممە(النبأ)م لەگەڵ سوورەتی فاتیحەدا لەبەرکردووە تا لەنوێژەکانما بیانخوێنم، دەستم بەنوێژ کردوە، و نوێژ ئەکەم، وەك ئەوەی کە قەرەبووی هەموو ئەوانە بکەمەوە کە لەدەستم چوون، و بۆ پاشەرۆژ پاشەکەوتیان دەکەم، نەوەك لەرۆژی داهاتوودا پێی نەگەم!! ئای چۆن کەس و کارم لەوخێرە گەورەیە منیان بێ بەش کرد!! چۆن ئەوانیش هەستیان بەجوانی ئەوکاتانە نەکردووە کە سوجدەی بۆ پەروەردگار تیا دەبرێت.. وەك سەر لێشێواوێك خۆم دەخەمە پەنای ئەو ماڵەوە، و لەدەرگا دەدەم، و دەکرێتەوەو لەناویا ئاسایش، و بەخشش بەدەست دێنم..

ئامۆژگاریم بۆ هەر موسڵمانێك –ئەگەر بۆم هەبێ ئامۆژگاری بکەم- لەگەڵ کەم شارەزاییمدا ئەمەیە: نوێژ بکەن.. نوێژ،

باوەڕتان هەبێ هیچ شتێ بەقەی نوێژ ناسكتر و گەیەنەرترنیە بۆ موناجات كردن لەگەڵ خوادا..

چۆن باسی سەرنجی ترسناكی كوڕان وكچانی هاوڕێی زانكۆمتان بۆ بكەم كاتێ حیجابم لەبەركرد و بەرگی باڵاپۆشیم پۆشی و رۆیشتمە ناو پۆلی خوێندنەوە؟!! لەسەرەتاوە هیچ كەسێك نەیناسیمەوە، بەڵام سەرسامی دەربڕینیان و ئەڵقەدانیان بەدەورمدا، وایان لێكردم بۆیەكەمجار وەك خۆیان بیان بینم.. ئەوانە كێن؟.. من چۆن لەتەكیاندا ژیاوم؟! چاوەكانیان شووشەیەكی بەتاڵ بوو.. لەروویانا كۆمەڵە هەستێ بەدی دەكرا شیرینترینیان بێزراو بوو.. ئەمە چ كێ بەرگێ و یەكتر هاڕینێكی گەرمە، كەمن تیایا ژیابووم؟! ئای چەند هەژارن بێ ئەوەی خوایەكیان هەبێ بیپەرستن، و بێ ئەوەی پەنایەكیان هەبێ پەنای بۆ بەرن!!

دەستم بەلەبەركردنی سورەتی یوسف پێغەممەری پاكداوێن كردووە، لەناو دێڕەكاندا فرمێسكەكانم دەمسووتێنن، خانمی ماڵ بانگی دەكات و ... ئەویش نەك هەر شل نابێ بەڵكو پێی دەڵی: هاوار و واوەیلا بۆ تۆ، تۆ دەبێ كاری گەورەت لێ بوەشێتەوە، لەجیاتی گوناهـ زیندان هەڵدەبژێرێ ، وبەندیخانەی پێ باشتر دەبێ تاخیانەت، ئەی پەروەردگاری من چەند جوانیت!! پێم پێ مەكەن خوا جوانە.. بەخشندەیە..و من لە قولاَیی دڵەوە خوام خۆش دەوێ بۆیە فەرمانەكانی بەجێ دێنم.

خوایە! دەمەوێ قەرەبووی ساڵانی تەمەنی سەرگەردانیم بكەمەوە، و بۆخزمەتی ئاینەكەت و بەرزی وشەكەت كاربكەم.. بەلاَم تۆش چۆنت بوێ هەروا ئەبێ .. ئەوا من لەم رۆژی پێنج

شەممەیەدا لەمزگەوتا نوێژ دەکەم و نزا دەکەم و لێت دەپاڕێمەوە، سبەینێ خۆم دەخەمە بەردەست نەشتەرکاری مۆخ و دەمار تا ئەو هەوە سەرەتانیەی لەسەرما دروست بووە دەری بێنن..

خوایەگیان**!** خۆشحاڵم کە خوایەکم هەیە، و گیانێکی شەیتانی لەئاژەڵ کەمتر نیم، چونکە تەنانەت ئاژەڵیش لە ژیانیا بەسەر هێڵێکی دیاریکراودا دەڕوات.

ئەی خودای خۆشەویستم**!** لەتۆوە دوور بووم و دوور، نەمدەزانی وهەستم بە گەورەیی زیان و ئەندازەی دووریم نەدەکرد.. و لەوکاتەیشەوە تۆم ناسیوە خۆت دەزانی پەنا بۆغەیری تۆ نابەم..و داوا لەغەیری تۆ ناکەم، لەهەموو ئەم دنیایەدا هیچم ناوێ جگە لەوەی هەوڵ بدەم ئەوانەی دەورو بەرم تۆ بناسن.. تۆ ئەی خوایە**!**

دەمەوێ هەموان شیرینی ئەو هەست بەنزیکبوونەوەیە لەخوا بچێژن. ئەو لەزەتە دنیاییانەی کەخەڵکی بەشوێنیا رادەکەن لە ژیانما هەمووجۆرێکیانم دیوە، هەموویان کاتین، لەچاوترووکانێکا هەموو کۆتایی دێن، و ناوەرۆك و ماهییەتیانم بۆ پێناسە ناکرێ ، بەوە نەبێ کە قیزەون و تەنگەلانن.. شتێك بوو بەکۆتایی رابواردن و لەدەستچوونیم دائەنا.. بەلاَم ئێستا حاڵی بووم کەئەوە شتێکی جیاوازە، ئەوەش هاواری سروشت و فیترەتە لەناخی هەموو مرۆڤێکدا، ئەندامەکان ناچاری دەبن بۆ گوناهکردن..و گیانی بەرێزیان لەوخۆڵەدا دەگەوزێنن..

پەروەدگارم! واهەست دەکەم کاتێ کە خەوم لێ کەوتووەو لەبەردەستی نەشتەرکارەکاندام من دیمانەت دەکەم، پەروەردگارم! من دەزانم تۆ لێبووردەی زۆر میهرەبانی.. و دەشزانم کە پەشیمانیم و فرمێسکەکانم تاوانەکانم دەشۆرنەوە و لەگوناهەکان پاکم دەکەنەوە..

بەلاَم ئەی پەروەردگارم! ئایا قبوولّم دەکەیت؟ ئەی خوایە گیان! ئایا لەریزی عەبدە خۆشەویستەکانی خوتا قبوولّم دەکەیت؟ ئایا منێك کە تەمەنێکی دوور و درێژ تۆم لەبیر نەبووە، و چەند رۆژێکی کەمە هاتوومەتە بەر دەرگاکەت، رۆژێ بەو پلەیە دەگەم تۆم لێ رازی بیت.. و لا بکەیتەوە بەلاما؟

پەروەردگارم! لەبەردەم بارەگای رەحمەتی تۆدا کزۆڵەم کردووە، و میوانێکی ماڵی تۆم، ئای ئەو میوانداریيە چەند قەشەنگە! من چەند کلۆل بوم کەلەژیانما لێی بێ بەش بووم!! لەمزگەوتا تەنیا بزەی فراوان وخۆشحالّی دەربڕین هەیە.. و پرسیارو یارمەتی.. لەگەڵ ئەوەدا کەنام ناسن بەلاَم کە لەبارەی نەخۆشیەکەمەو ئاگادار بوون و بیستوویانە نەشتەرکاری دەکرێم دەستیان بە نزاو پاڕانەوە بۆ خوشکە تۆبەکارەکەیان کردووە، و هەموان بە سۆزو لەلەی راست چواردەوریان داوم..

ئەی خودا.. ئاوازی جوانی و دەسەلاَت.. چۆن لەهەموو ئەوانە بێبەش بووم؟ ئای لەم گەرمی و دڵنیاییە! پەروەردگارم! من ئاواتەخوازبووم تا زۆرم هەبوایەو لەپێناوی تۆدا بم بەخشیبایە، بەلاَم ماڵی حەلاَل و پاکم تەنیا ئەو کۆمەڵە نەوارەی قورئان و زنجیرەیەك لەوتارە ئاینییەکان هەیە.. خوایەگیان! لێم وەربگرە،

و من لێرەدا تۆ و فریشتەکان و هەڵگرانی عەرشت بەشاهێد دەگرم کە لەبەر تۆ و خۆشەویستی تۆ و دینەکەت وازم لەهەمووشتێك هێنا..

پەروەردگارم!.. ئەگەرگیانت کێشام، داوای رەزامەندی تۆ دەکەم.. و ئەگەر هێشتتمەوە یارمەتیم بۆ خزمەتی ئایینەکەت بدە.. داوای دوعایش لەهەموان دەکەم..

# # #

بەلێ ، هەموو ژیانی ناو تۆبەکارییەکەی لەچەند هەفتەیەك تێپەڕناکات، کە دەچێتە خەستەخانەو عەمەلیاتی مۆخی دەکرێت و لە نەشتەرگەرییەکەدا دەرناچێ و گیانی بۆلای پەروەردگاری میهرەبانی دەگەڕێتەوە..